# ئەو خیانەتەی لە پرۆسەی ریفراندۆم کرا و ئەو ئاستەنگانەی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دروستکران

لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بۆ پێکەوە گرێدانی ئەو (خیانەتەی لە پرۆسەی ریفراندۆم کرا و ئەو ئاستەنگانەی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دروست کران) لە ناونیشانی ئەم بابەتەدا، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ساڵی پار هەر لەو مانگەدا کۆی حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بێجگە (لە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) بڕیاریان دا، رۆژێك بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاری بکرێت و لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەشدا ئەو دوو لایەنەش بە (بەڵێ) بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد، بەڵام دوای ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر خیانەت لەم پرۆسە پیرۆزە کرا، بەشی زۆری حزبە سیاسییەکان خۆیان وا پیشان دەدا کە ئەوان لەگەڵ پرۆسەکە نەبوون، سەبارەت بە شکستهێنانی هەوڵەکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییش کە ئەویش هەر لە باشووری کوردستان کار بۆ بەستنی کرا و هەوڵدرا هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر سیاسەت و ستراتیژێك رێکبکەون و ببینە خاوەنی گوتارێکی کوردستانی لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و هەروەها بەرامبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، بەڵام بەهۆی کاریگەریی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران شکستی هێنا، ئێستاش ئاکامەکەی ئەوەیە کە دەبینین هەر رۆژێك و بە بیانوویەك ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، لە هەر پارچەیەك فرسەتێك بۆ کورد بێتە پێشەوە، دەستتێوەردان دەکەن و ئەو فرسەتە لە کورد هەڵدەوەشێننەوە، لەبەرامبەریشدا هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەڵوێستێکی هاوبەشیان نییە.

ئەم دوو پرۆسە گرنگە (ریفراندۆم و کۆنگرەی نەتەوەیی) دوو پرسی گەورەن و شایستەی ئەوەن پێکەوە گرێیان بدەین و هەڵوەستە لەسەر دروستکردنی ئەو ئاستەنگانە بکەین کە بە هاندانی دەوڵەتانی دەرەکی و بە بکەری



**غەفوور مەخمووری**
**سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

ناوخۆیی هەوڵدراوە کە لەم قۆناخەدا بێ ئاکام بن، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەم هەڵوەستەیەکی خێرا لەسەر هەردووکیان بکەم:

- **کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ سەرکەوتوو نەبوو؟**

من وەك یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە لە باشووری کوردستان و بە بەشداری لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆبوونەوەکانی بەڕێوەچوو، ئامادەی هەموو کۆبوونەوەکانی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکە بووم. لێرەدا دەبێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێم: بە پلەی یەکەم گوشار و کاریگەریی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، بووە هۆکاری ئەوەی کەوا کۆنگرە دوابخرێت، هەروەها هەر سێ لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانییەکانیش پارتی و یەکێتی و بەتایبەتی (پەکەکە) بەرپرسن لە سەرنەکەوتنی کۆنگرەکە.

لە ناو لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە چەندین کێشە هەبوون، لەوانە: کێشەی ئاڵای کوردستان هەبوو، کە توانرا چارەسەر بکرێت، بەوەی کە هاوشانی ئاڵای کوردستان ئەو ئاڵایەی پەکەکەش لە باکووری کوردستان بە ئاڵای کوردستانی دەزانێت، هەڵبکرێت، هەروەها لەسەر پرسی سەرۆکایەتی کۆنگرە (سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد)یش سێ پێشنیار لەلایەن (پارتی و یەکێتی و پەکەکە) هەبوون، بەمجۆرە:

١- پێشنیاری پارتی ئەوە بوو سیستمی سەرۆکایەتی پەیڕەو بکرێت، واتە (سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی) هەبێت.

٢- پێشنیاری یەکێتی ئەوە بوو سیستمی سکرتاریەت پەیڕەو بکرێت، واتە (سکرتاریەتی کۆنگرەی نەتەوەیی) هەبێت.

٣- پێشنیاری پەکەکە ئەوە بوو سیستمی هاوسەرۆکایەتی پەیڕەو بکرێت، واتە (هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی) هەبێت.

**هۆكار و ئامانجی سەرەكیی ئەو خیانەتەی لە ریفراندۆم كرا، پێش هەموو شت غەدرێكی گەورە بوو بەرامبەر بە سەرۆك مسعود بارزانی ئەنجامدرا، لەبەر ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم خیانەتە تەنیا ئامانجیان ئەوە بوو كە دەوڵەتی كوردستان لەسەر دەستی بارزانی دانەمەزرێت**

**پرۆسەی ریفراندۆم بەسەركەوتوویی و بە بەشداری چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا و بۆ یەكەمجار بوو لە مێژوودا گەلی كوردستان بە رێژەی ٩٣٪ و بە بەشداری كۆی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان پەیامی خۆیان بە جیهان رابگەیەنن، كە ئەم گەلە سەربەخۆیی دەوێت**

**ئەگەر كۆنگرەی نەتەوەیی سەركەوتوو بوایە، پەكەكە سیاسەتێكی نەرم و واقیعبینانەی پیادە بكردبا، ئەوا ئێستا لەهەر پارچەیەكی كوردستان كێشەیەك هەبووایە، لانیكەم رایەڵەیەكی هاوخەباتی و هاوپشتی لەنێوان تەواوی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دەبوو**

لەسەر ئەم پرسە و لە ئاكامی گفتوگۆكردن لەسەر ئەم پێشنیارانە هەندێك كێشە دروست بوو، بەڵام پاشان بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان هاتە سەرخەت و بە رێگای پارێزەرەكانی نامەیەكی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی نارد، لەو نامەیەدا، ئۆجەلان بە سەرۆك بارزانی گوتبوو: بەڕێزتان براگەورە بن، چیتان پێ باشە، ئێمە پشتگیریتان دەكەین.

دوای ئەم نامەیەی ئۆجەلان پەكەكە هاتەوە سەر خەت، بەڵام بە تێڕوانینێكی حزبییانە و بە هەوڵدان بۆ دەستەبەركردنی زۆرترین رێژەی ئەندامانی كۆنگرە بەشداریكردەوە، كە ئەمەش خاڵێكی سەرەكیی كێشەكە بوو. هەر بۆ نموونە، ئەگەر وای دابنێین بۆ باكووری كوردستان ژمارەیەك كورسی بۆ تەواوی لایەنە سیاسییەكانی باكوور دیاری كرابێت و، بۆ ئەوەی هەر لایەنێكی سیاسیی باكوور بە قەوارەی خۆی كورسی بەربكەوێت، پەكەكە ئەمەی رەتدەكردەوە و داوای دەكرد بە تەنیا ٥٠٪ی كورسییەكان بدرێتە پەكەكە و ٥٠ ٪ی دیكەش ئەو حزبانەی دیكە كورسییان بەربكەوێت كە بە نزیك لە پەكەكە ناسرابوون، هەروەها لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیش هەمان پێداگرییان دەكرد، ئەمەش مانای ئەوە بوو كە پەكەكە ئامادە نەبوو لە سێ پارچەی كوردستان لایەنەكانی بەرامبەری بەپێی قەبارەی خۆیان قبووڵ بكات.

دیارە پەكەكە بەم تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەی لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی كوردستاندا، سیاسەتەكانی بە كۆمەڵێك هەڵكشان و داكشاندا بردووە، سەرەتا داوای سەربەخۆیی كوردستانی گەورەی دەكرد، پاش ماوەیەك گۆڕی بۆ فیدراڵییەتی هەرێمی، ئێستاش گۆڕیویەتی بۆ نەتەوەی دیموكرات، ئەم گۆڕانكارییانەش هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ باش نەخوێندنەوەی پرسی كورد لەسەر ئاستی سیاسی و لەشكری لە ناوچەكەدا، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی بەردەوامی پەكەكە بۆ دروستكردنی حزبی نزیك لە خۆی لە هەر چوار پارچەی كوردستان و دەستتێوەردانی لە هەرچوار پارچەی كوردستان و رەتكردنەوەی لایەنە سیاسییەكانی دیكە، ئەمەش جۆرێك لە پاشاگەردانی سیاسی و لیكترازانی لە ناو بزاڤی رزگاریی خوازی كوردستان دروست كردووە، ژینگەیەك دروست بووە كە لایەنە سیاسییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان نەتوانن لەسەر ستراتیژ و سیاسەت و گوتارێكی هاوبەش رێكبكەون.

ئاكامی سەرنەكەوتنی كۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە كە ئێستا لە رۆژئاوای كوردستان دەبینین و توركیا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە هێرشی كردە سەر عفرین و داگیری كرد و هەموو جیهانیش بێدەنگ بوون و ئێستا لە مەنبج پاشەكشەیان پێدەكەن، هەروەها ئەوەیە كە لە باكووری كوردستان دەبینین و نەتوانرا سوود لەو دەرفەتە وەربگیرێت كە بۆ یەكەمجار كوردی باكوور توانییان بە رێگەی هەڵبژاردن وەك فراكسیۆنێكی پەرلەمانی بچنە ناو پەرلەمانی توركیا، ئێستا لە ئاكامی ئەو سیاسەتەی پەكەكە و حیساب نەكردنی بۆ حكومەتی كوردستان، ئەوەیە كە سوپای توركیا لەشكركێشی دەكات بۆ سەر خاكی باشوور و دەیەوێت هێرش بۆ سەر قەندیل بكات، بێگومان هەموو لایەكمان دژی ئەو لەشكركێشییەی توركیاین، لە هەمان كاتدا هەموو لایەكمان ئەو راستییەش دەزانین كەوا قەندیل لە سنووری توركیا نییە هەتا بڵێین پەكەكە لە قەندیلە، بۆ ئەوەی بتوانێت خەبات لە باكوور بەردەوامی پێ بدات.

بەڵام ئەگەر كۆنگرەی نەتەوەیی سەركەوتوو بوایە، پەكەكە سیاسەتێكی نەرم و واقیعبینانەی پیادە بكردبا، ئەوا ئێستا لەهەر پارچەیەكی كوردستان كێشەیەك هەبووایە، لانیكەم رایەڵەیەكی هاوخەباتی و هاوپشتی لەنێوان تەواوی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دەبوو، ئەگەر كۆنگرەی نەتەوەیی سەركەوتوو بوایە، لە رۆژئاوای كوردستان، لایەنە سیاسییەكانی رۆژئاوا هاوشانی پەیەدە لە رۆژئاوا بوونیان دەبوو، ئەگەر كۆنگرەی نەتەوەیی سەركەوتوو بوایە، جیهان قبووڵی نەدەكرد كە پەكەكە لەسەر خواستی توركیا لە لیستی تیرۆردا بێت، پەكەكە لەو لیستە دەردەهێنرا.

**● ریفراندۆم سەركەوتوو بوو، بە چ ئامانجێك خیانەتی لێكرا؟**

ساڵی پار كە لەم مانگەدا، رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریكرا، ئەمەش وایكرد بۆ یەكەمجار لە مێژووی

کوردستاندا، دۆزی کوردستان ببێتە ڕووداوێکی گەورە لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بۆیە وەك ڕووداوێکی مێژوویی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بە گەورەترین ڕووداوی مێژوویی لە خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەدەی بیست و یەك دادەنرێت، هەروەها لەمە گرنگتر ئەوە بوو کە ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی و بە بەشداری چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا و بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٣٪ و بە بەشداری کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەیامی خۆیان بە جیهان ڕابگەیەنن، کە ئەم گەلە سەربەخۆیی دەوێت و نایەوێت بەشێك بێت لەو عێراقەی ئێستا بوونی هەیە.

لە پرۆسەی ریفراندۆمیشدا بە هاوشێوەی کۆنگرەی نەتەوەیی گوشارێکی گەورەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران هەبوو، بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆمیش دوابخرێت، بەڵام چۆن نەیانتوانی ڕێگە لە پرۆسەی ریفراندۆم بگرن و پێداگیری سەرۆك مسعود بارزانی سەرکەوتووانە پرۆسەکەی گەیاندە ئامانج، ئەوا دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆمیش بیجگە لە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك بۆ گوشار خستنە سەر کوردستان، نەیانتوانی هیچ هەنگاوێکی دیکە هەڵبگرن، بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی بەدوای بکەرێکی ناوخۆیی بگەڕێن، بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن و ڕێگە نەدەن ئەو خەونەی کوردستان ببێتە واقیع، دیسانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەو بکەرە ناوخۆییە نەبوایە، نە کۆنگرەی نەتەوەیی دوادەخرا، نە لە ١٦ی ئۆکتۆبەریشدا ئەو خیانەتە گەورەیە لە کوردستان دەکرا.

هۆکار و ئامانجی سەرەکیی ئەم خیانەتەی لە ریفراندۆم کرا، پێش هەموو شت غەدرێکی گەورە بوو بەرامبەر بە سەرۆك مسعود بارزانی ئەنجامدرا، لەبەر ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم خیانەتە تەنیا ئامانجیان ئەوە بوو کە دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی بارزانی دانەمەزرێت.

هەندێك لەوانەی کە خیانەتەکەیان ئەنجامداوە و پێش دەبابەکانی حەشدی شەعبی کەوتن و کەرکوکیان تەسلیم کرد، بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە هێزی دوژمن نابەرانبەر بووە و نەیانویستووە شەڕێکی دۆڕاو بکەن، بەڵام هەر تەنیا چوار ڕۆژ دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لە کاتێکدا بەهۆی خیانەتەکەوە مۆراڵی پێشمەرگەش وەك ڕۆژانی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبوو، کاتێك هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی ویستیان بەرەو دهۆك و هەولێر پێشڕەوی بکەن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پیشانی جیهانی دایەوە کە چۆن مقاوەمەت دەکات، هەر لەو شەڕانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی سەدان تانك و زرێپۆش و هەمەر و هامڤی لە مەخموور و پردێ و سحێلا بە هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بەجێبهێڵێت، لەدوای ئەم بەرگرییە قارەمانانەیەش بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕا و زەمینەیەکی تازە هاتەپێشەوە.

هەر بۆیە ئەگەر ئەو خیانەتە نەبوایە و لە کەرکووك بەرگری بکرابایە، ئەوا چۆن بە چەند ڕۆژێك دوای مقاوەمەتی پردێ و مەخموور و سحێلا بارودۆخەکە گۆڕا و تەنانەت وتووێژیش لەنێوان هەولێر و بەغدا دەستی پێکردەوە و دوای ئەویش پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کوردستان و جیهان وردە وردە گەڕایەوە و، دواتریش گەمارۆی ئاسمانی لەسەر کوردستان هەڵگیرا، ئەوا لە دوای بەرگرییەکی ئاواش لە کەرکووك دوای چەند ڕۆژێك جارێکی دیکە بارودۆخەکە دەگۆڕا و ئێستا لەگەڵ عێراق دانوستاندنی ئەوەمان دەکرد، سنووری نێوان کوردستان و عێراق چۆن بێت.

لەم دوو فرسەتە مێژووییەدا (ریفراندۆم و کۆنگرەی نەتەوەیی) کە دوو دەستکەوتی گەورە و پیرۆز بوون بۆ هەموو کوردستان و بە پلەی یەکەم بە هۆکاری بکەری ناوخۆیی ئاستەنگیان بۆ دروستکراوە، دەبێت ببنە دوو وانەی گەورە و گرنگ بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەو وانەیەش ئەوەیە ئیرادەی گەلی کوردستان توانای ئەوەی هەیە خەبات سەربخات و هەنگاو بەرەو یەکریزی و یەکگوتاری و دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرێت، بەڵام ئەوەی بۆتە ئاستەنگ کە ناهێڵێت ئاواتەکانمان بێتەدی، بەهێزیی دوژمنەکانمان نییە، بەڵکو خۆخۆری و یەکتری ڕەتکردنەوە و تێڕوانینی تەسکی حزبییانەی بەشێکی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە.

**هەوڵدانی بەردەوامی یەکەکە بۆ دروستکردنی حزبی نزیك لە خۆی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەستتێوەردانی لە هەرچوار پارچەی کوردستان و ڕەتکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی دیکە، جۆرێك لە پاشاگەردانی سیاسی و لیکترازانی لە ناو بزاڤی ڕزگاریی خوازی کوردستان دروست کردووە**

**بە پلەی یەکەم گوشار و کاریگەریی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، بووە هۆکاری ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی دوابخرێت، هەروەها هەر سێ لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانییەکانیش پارتی و یەکێتی و بەتایبەتی( یەکەکە) بەرپرسن لە سەرنەکەوتنی کۆنگرەکە**

**ئەوەی بۆتە ئاستەنگ کە ناهێڵێت ئاواتەکانمان بێتەدی، بەهێزیی دوژمنەکانمان نییە، بەڵکو خۆخۆری و یەکتری ڕەتکردنەوە و تێڕوانینی تەسکی حزبییانەی بەشێکی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**



د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید
پسپۆڕی کاری میدیایی بۆ گوڵان:

# لەسلێمانی جیا لە پاشاگەردانی میدیایی، پاشاگەردانیی سیاسیش بوونی هەیە، ئەم ژینگەیەش ئیرهابی فیکری دروست کردووە

■

**ریشەی ئیرهابی فیکری لە سلێمانی سیاسەتی رژێمی بەعسە، دوای راپەڕین حزبەکان بۆ یەکتری شکاندن بەردەوامییان بەو سیاسەتە دایەوە**

■

**داعش چۆن سوودی لە میدیا وەردەگرت بۆ شکاندنی بەرامبەری، هەندێک لە حزبەکانی سلێمانی بە هەمان شێوەی داعش میدیا لە دژی بەرامبەرەکەیان بەکار دەهێنن**

**لەسەردەمی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیی، میدیا بە قۆناخی کارلێکردن لەنێوان بەرهەمە میدیاکان و وەرگردا تێدەپەڕێت. گەشەی فراوانی تەکنەلۆژیا وایکردووە، کاریگەرییەکەی (بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر کۆی میدیا و بەرهەمە میدیاییەکان ڕەنگدانەوەی هەبێت و شێوازێکی تازەی بۆ میدیا دروستکردووە کە ئەویش پیشەسازیی میدیایە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام ئەم پیشەسازییەش لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەڕێوەنابرێت، بەڵکو لەلایەن چەند کۆمپانیاکەوە هەڵدەسووڕێت و، قۆرخکاری لە میدیادا دروستکردووە و بەرهەمە میدیاییەکان بوونە کاڵایەکی بازرگانیی بێ ناوەرۆك. لایەنێکی دیکەی میدیا لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە تیرۆریستان بە گشتی و تیرۆریستانی داعش توانییان سوودێکی هێجگار گەورە لە میدیا و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت وەربگرن، بێگومان پاشاگەردانیی میدیا ئەگەر لە وڵاتانی جیهان بەو ئاستە گەیشتبێت، ئەوا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پاشاگەردانیی میدیا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پسپۆڕان بە «میدیای بێ خاوەن» ناوزەدی دەکەن و خۆی لە پرسی ئیتنیك و نیشتمان و نەتەوە داماڵیوە و جۆرێك لە ئیرهابی فیکری بەرهەم دەهێنێت کە بۆتە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پاشاگەردانی لەناو سیستمی سیاسیدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پاشاگەردانییەی میدیای کوردستان و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.نەزاکەت حسێن حەمەسەعید پسپۆڕ و تایبەتمەند لە بواری ڕاگەیاندن و مامۆستای زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستای جیهان بە قۆناخی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی پێناسە دەکرێت، لەم قۆناخەدا ڕاگەیاندن کۆمەڵێك ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست بووە، ئایا دەکرێت لەسەر ئەم ئاستەنگانە قسەمان بۆ بکەیت؟**

- ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی هەتا ئێستا چوار قۆناخی بڕیوە، ئەم قۆناخەی ئێستا ڕاگەیاندنی پێدا تێدەپەڕێت، بە قۆناخی کارلێکردن (Interaction) پێناسە دەکرێت، ئەمەش واتە کارلێکردن لەنێوان بەرهەمە میدیاکان و وەرگردا، لە قۆناخەکانی پێشتری میدیادا، وەرگر ڕۆڵێکی پاسیڤ و ناچالاکی هەبووە، بەڵام لەم قۆناخەدا وەرگر ڕۆڵێکی تایبەتی لە بەرهەمە میدیاییەکاندا هەیە و لەگەڵ بەرهەمە میدیاییەکاندا بە کۆمێنت و لایك و بەشداریی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە وەرگر لە هەمانکاتدا دەبێتە بەرهەمهێنەری میدیا، بەتایبەتیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەتا دەگاتە ئەو میدیایەی کە پێی دەگوترێت (میدیای هاووڵاتی)، ئەمەش واتە هاووڵاتی بە ڕێگەی ئەکاونتێك، یان پەیجێك، یان کەناڵێکی ڕاگەیاندنی بینراو، یان بیستراو، خۆی بەرهەمی دەهێنێت.

ئەگەر لەسەر ئەم قۆناخە بمانەوێت قسە بکەین، ئەوا دەبێت لەسەر چەند لایەنێك هەڵوەستە بکەین، پێش هەموو شت لە ڕووی تەکنیکەوە گەشەیەکی یەکجار فراوان هاتۆتەئاراوە، گەشە فراوانەکە لە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە کاریگەری هەیە. هەر بۆ نموونە ئەم گەشەی تەکنەلۆژیایە کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە و وایکردووە کە بەرهەمە میدیاییەکان بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر بەرهەم بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم گەشەی تەکنەلۆژیایە وایکردووە کە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی میدیا لە بەردەستی هەموو کەسێکدا هەبێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەزانرێت بەرهەمهێنەری بەرهەمە میدیاییەکە کێیە. لە قۆناخەکانی پێشتردا، کاتێك سەیری بەرهەمێکی میدیاییت دەکرد، دەتزانی کێ بەرهەمی هێناوە، چ سیاسەت و ستراتیژێك لە پشت ئەو بەرهەمە میدیاییەوە هەیە، بەڵام ئێستا نازانرێت کێ بەرهەمی دەهێنێت، ئەمە لەسەر میدیاکانی جیهانیش هەر بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی میدیا بۆتە پیشەسازی و چەند کۆمپانیایەك بەرهەمە میدیاییەکان بەرهەم دەهێنن، بۆیە ئەمەش وایکردووە، ئەگەر تۆێژەرێك بیەوێت توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژی و سیاسی لەسەر بەرهەمە میدیاییەکان بکات، ئەوا هەست دەکەیت، خاوەنی بەرهەمە میدیاییەکان دیار نین، بۆیە دیار نەبوونی خاوەنی بەرهەمە میدیاییەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی قۆرخکاری لە بواری میدیا دروست بێت، ئەمەش پێی دەگوترێت:

**لە قۆناخەکانی پێشتردا، کاتێک سەیری بەرهەمێکی میدیاییت دەکرد، دەتزانی کێ بەرهەمی هێناوە و چ سیاسەت و ستراتیژێک لە پشت ئەو بەرهەمە هەیە، بەڵام ئێستا نازانرێت کێ بەرهەمی دەهێنێت**

**لەگەڵ ئەم گەشە گەورەیەی تەکنەلۆژیا و ئاسانی و خێرا بەرهەمهێنانی بەرهەمە میدیاییەکان، ئەوا ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە میدیاییانە کاڵ و کرچن و ڕاستگۆیی بەرهەمەکان کەمتر بۆتەوە**

«ئیمپراتۆریەتی میدیا لە جیهاندا» بۆیە شتێك بە ناوی میدیای جیهانییەوە بوونی نییە.

ئەگەر لە رووی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانیشەوە هەڵسەنگاندن بکەین، ئەوا دەبینین لەگەڵ ئەم گەشە گەورەیەی تەکنەلۆژیا و ئاسانی و خێرا بەرهەمهێنانی بەرهەمە میدیاییەکان، ئەوا ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە میدیاییانە کاڵ و کرچن، راستگۆیی بەرهەمەکان کەمتر بۆتەوە، هەر بۆیە هاتنە خوارەوەی ئاستی راستگۆیی و کاڵ و کرچیی ناوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکان ئەمڕۆ بۆتە بابەتی سەرەکیی ئەو کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان لەسەر میدیا گرێ دەدرێن، لەیەك دوو مانگی رابردوو من خۆم بەشداری کۆنفراسێك بووم لە وڵاتی لوبنان، لەسەر ئاستەنگەکانی میدیا لە ئێستادا، لەو کۆنفرانسە باس لەوە دەکرا کە ئێستا زۆر بە ئاسانی دەتوانن هەواڵی ساختە بەرهەم بهێنن، ڤیدیۆیەك بەرهەم بهێنن کە ساختە بێت و خەڵکی پێ هەڵخەڵەتێنن، لەمبارەیەوە پسپۆڕێك دەڵێت: ئێستا کاتی ئەوەیە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین، چۆن میدیایەکی راستگۆ دەست بکەوێت؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە وێڕای ئەوەی چەندین سەرچاوەی زانیاری لەبەردەستە، بەڵام هەموویان گومانەکانمان زیاتر دەکەن.

بۆیە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان قۆناخی پیشەسازیی میدیا و قۆرخکاری میدیایە، هۆیەکانی راگەیاندن بوونەتە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی بەرهەمە میدیاییەکان، واتە هاووڵاتی بۆتە بەکاربەر، میدیا لەبری ئەوەی سەرچاوەیەك بێت بۆ پێدانی زانیاری بە هاووڵاتی، بۆتە سەرچاوەیەك بۆ گەڕان بە دوای قازانج و هەڵخەڵەتاندنی کڕیارەکانی.

*** پێشتر لەناو میدیادا بنەمایەك هەبوو کە پێی دەگوترا بنەمای ئەخلاقی (The Code Of Ethics)، بەڵام ئێستا بە هۆی گەشەی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم بنەمایە بوونی نەماوە، ئایا دەکرێت بڵێین: نەمانی کۆدی ئەخلاقی، ئەم پاشاگەردانییەی لەناو میدیا دروست کردووە؟**

- پێشتر میدیا سەرچاوەیەك بوو بۆ چارەسەری کێشەکان، جیا لەوەی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێدانی زانیاری بۆ ئەوەی هاووڵاتی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا بکات، پێش ئەوەی میدیا ببێتە پیشەسازی، وابەستەی ئیتیك و خواست و پێداویستییەکانی وەرگر بوو لە وڵاتەکەدا، بۆیە ئەمە وایکردبوو کە میدیا ببێتە سەرچاوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لە هەندێك وڵاتی ئەورووپی وەك بەریتانیا، توانراوە بە شێوەیەك پارێزگاری لە میدیای خزمەتگوزاریی خەڵك وەك (BBC) بکەن، بۆیە ئەم جۆرە میدیایە هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کاردەکات، بۆ ئەوەی تاك پەروەردە بکات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا فەراهەم بکات. بەڵام میدیا کە بووە ناوەندێك بۆ بازرگانی، سیفەتی میدیای راستەقینە لەدەست دەدات و ژینگەیەکی پاشاگەردانی دروست دەکات، تەنانەت ئێستا سۆشیال میدیاش بۆتە بەشێك لە میدیای بازرگانی و بە رێگەی پارەدان لایك و بینینی بابەتەکە زیاتر دەبێت.

*** هەموو کات لە نێوان هۆیەکانی میدیا و کارە تیرۆریستییەکاندا لینکێك هەبووە، ئەمەش بەو مانایەی تیرۆریستان سوودێکی گەورەیان لە میدیا و هۆیەکانی راگەیاندن وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی رۆژنامەنووسان، یان هۆیەکانی راگەیاندن بە خۆیان زانیبێت، ئایا تاچەند میدیا خزمەتی بە تیرۆریستان کردووە؟**

- ئەگەر تیرۆریستان و رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە قۆناخەکانی پێشتردا سوودێکی دیاریکراویان لە میدیا و هۆیەکانی راگەیاندن وەرگرتبێت، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش سوودێکی زۆریان لە میدیا وەرگرتووە. فاکتەری سەرەکیی گەشەی خێرای رێکخراوی تیرۆریستانی داعش و بڵاوبوونەوەیان لەسەرانسەری جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داعش لەگەڵ ئەوەی رێکخراوێکی تیرۆریستی بوو، بەڵام چالاکوانێکی زۆر بەهێزی ناو تۆڕەکانی ئەنتەرنێتیش بووە و توانییان زۆر بەباشی سوود لە ئەنتەرنێت و هۆیەکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری خۆیان و شکاندنی بەرامبەرەکانیان و پەخشکردنی بابەتەکانیان وەربگرن، ئەمەش واتە جیا لەسەر چاوەکانی میدیاکانی خۆیان، توانیبوویان سوود لە بەشێکی زۆری میدیای ئەو وڵاتەنەش وەربگرن کە بە باشی رێکنەخرابوون و، خستبوویانە خزمەتی خۆیانەوە. تەنانەت لەسەر ئەم پرسە، یەکێك لە بەرپرسە تیرۆریستەکانی داعش لە تویتێکدا

**میدیا لەبری ئەوەی سەرچاوەیەک بێت بۆ پێدانی زانیاری بە هاووڵاتی، بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گەڕان بە دوای قازانج و هەڵخەڵەتاندنی کڕیارەکانی**

**میدیا کە بووە ناوەندێک بۆ بازرگانی، سیفەتی میدیای راستەقینە لەدەست دەدات و ژینگەیەکی پاشاگەردانی دروست دەکات**

**تەنانەت ئێستا سۆشیال میدیاش بۆتە بەشێک لە میدیای بازرگانی و بە رێگەی پارەدان لایک و بینینی بابەتەکە زیاتر دەبێت**

**تیرۆریستانی داعش توانییان زۆر بەباشی سوود لە ئەنتەرنێت و هۆیەکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری خۆیان و شکاندنی بەرامبەرەکانیان و پەخشکردنی بابەتەکانیان وەربگرن**

**یەکێک لە بەرپرسە تیرۆریستەکانی داعش لە تویتێکدا نووسیبووی: «هێندەی میدیای وڵاتانی عەرەبی و عێراق و کوردستان خزمەتی بڵاوکردنەوەی کارەکانی ئێمەی کردووە، هێندە میدیاکانی خۆمان خزمەتی نەکردووین**

**لە کوردستان میدیای حکوومی بە شێوازی دیکتاتۆرییانە بوونی نییە، بەڵام میدیای حزبی بوونی هەیە کە تا رادەیەکی زۆر بە سیاسەت و ستراتیژیەتی حزبەکان هەڵدەسووڕێت**

**ئێستا لە کوردستاندا زیاتر لە ١٠٠ کەناڵی تەلەفزیۆن و زیاتر لە ١٠٠ رادیۆمان هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا یاسایەکی گشتیی راگەیاندن، یان یاسای پەخشکردنمان نییە**

**ئێمە لە کوردستاندا (یاسای رێکخستنی رێکلام)مان نییە، هەتا ئەو رێکلامانە بەرکەوتەی پەروەردەیی و کولتوور نەبێت و کاریگەریی خراپی لەسەر منداڵ و هاووڵاتی نەبێت**

نووسیبووی: «هێندەی میدیای وڵاتانی عەرەبی و عێراق و کوردستان خزمەتی بڵاوکردنەوەی کارەکانی ئێمەی کردووە، هێندە میدیاکانی خۆمان خزمەتی نەکردووین، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە بە کوردستانیشەوە جۆرێک لە پاشاگەردانی میدیایی هەیە.

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ژینگەی گوتاری میدیایی لە کوردستاندا، هەست دەکەین میدیا لە بری ئەوەی ببێتە پردێک لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و هاووڵاتی، کەچی بۆتە دیوارێک لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتی سیاسی و لێکی جیاکردوونەتەوە، ئایا سەبارەت بە ژینگەی میدیای کوردستان چی دەڵێن؟**

- ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر هەر مودێلێکی میدیا بکەین، یان بمانەوێت بزانین چ مودێلێکی میدیا لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت بزانین لەو وڵاتە بە چ یاسایەك میدیا رێکخراوە و چ ئەرك و بەرپرسیاریەتییەك بۆ میدیا دیاری کراوە. بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە باسی میدیا بەشێوەیەکی گشتی لە جیهان و بەتایبەتی لە کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت شێوەکانی میدیا پۆلێن بکەین، کە دابەش دەبێت بۆ سێ مودێل و بریتین لە:

١- شێوازی میدیای حکوومیی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، وەك میدیای سەردەمی رژێمی پێشووی بەعس، یان ئەو میدیایانە لە قۆناخەکانی پێشتردا لە ئەورووپا لە ژێر دەسەڵاتی کەنیسە بووە.

٢- شێوازی میدیای خزمەتگوزاریی گشتی، وەك میدیای BBC کە لە ژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا بەڕێوە دەچێت و خەڵك دەبێتە سەرچاوەی داهاتەکەی، ئەم جۆرە میدیایە بەرپرسیاریەتی بۆ دیاریکراوە بەرامبەر هاووڵاتی و هاووڵاتی سەنتەری کێشەکەیەتی و پارێزەری پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و خواستی هاووڵاتییە.

٣- شێوازی بازرگانی میدیایی کە ئێستا میدیای لەسەر ئاستی جیهان قۆرخکردووە.

لەسەر ئەم بنەمایە، دەتوانم بڵێم میدیا لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی پاشاگەردانی چۆتە ناو میدیای بازرگانییەوە، ئەمەش بەو مانایەی ناتوانین بڵێین ئێمە وەك ئەورووپا خاوەنی میدیایەکی بازرگانین کە بە سپۆنسەری رێکلام خۆیان بەڕێوەبەرن، هەروەها ناشتوانین بڵێین نەچووینەتە ناو میدیای بازرگانی. لە کوردستان میدیای حکوومی بە شێوازی دیکتاتۆرییانە بوونی نییە، بەڵام میدیای حزبی بوونی هەیە کە تا رادەیەکی زۆر بە سیاسەت و ستراتیژیەتی حزبەکان هەڵدەسووڕێت، میدیای خزمەتگوزاریی گشتی وەك ئەوەی لە بەریتانیا پی دەڵێن: (Pub-lic Service Media)، لە کوردستان وەك دامەزراوە بوونی نییە، بەڵام لەوانەیە هەندێك بابەت لە هۆیەکانی راگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، ئەم پێناسەیە وەربگرن. هەر بۆیە لە هەرێمی کوردستاندا میدیا تێکەڵەیەکە لە نێوان میدیای بازرگانی و حزبی و بوونی هەندێك بابەتی خزمەتگوزاریی گشتی، ئەوەی بۆشاییە و پڕنەکراوەتەوە، نەبوونی (میدیای نیشتمانی و خەڵکە) و نەتوانراوە میدیا لە کوردستاندا بە یاسا رێکبخرێت، تەنیا یەك یاسا هەیە، ئەویش یاسای رۆژنامەگەرییە کە تەنیا چاپکراوەکان دەگەڕێتەوە و لە ئاستی ئەو گەشەکردنە میدیاییەی ئێستای کوردستاندا نییە.

ئێستا لە کوردستاندا زیاتر لە ١٠٠ کەناڵی تەلەفزیۆن و زیاتر لە ١٠٠ رادیۆمان هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا یاسایەکی گشتیی راگەیاندن، یان یاسای پەخشکردنمان نییە، تا ئێستا پەیمانێکی شەرەفی رۆژنامەنووسیمان نییە، یان بۆردی رێکخستنی میدیاییمان نییە، کە لە هەموو وڵاتانی جیهان بە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیشەوە ئەو بۆردەیان بۆ رێکخستنی میدیا دروستکردووە. ئەم بۆردە لە وڵاتانی دیموکراتی دامەزراوەیەکە لە ژێر چەتری یاسادا توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر باش میدیا بەرپرس بکات بەرامبەر بە هاووڵاتی و نیشتمان.

ئێمە لە کوردستان نە یاسامان هەیە، نە ئەو بۆردەشمان هەیە کە میدیا رێکبخات، بۆیە بە راشکاوی دەیڵێم میدیا لە کوردستان بێ خاوەنە، لە کاتی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و هێرشکردنیان بۆ سەر کوردستان، من خۆم کێشەی ئەوەم بۆ دروست بوو، چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگە نەدەین میدیای کوردستان بکەوێتە خزمەتی تیرۆریستانی داعشەوە، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە پەرلەمانی کوردستانەوە کرد، پێیان گوتم: هیچ یاسایەکمان نییە، لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری قسەم کرد، ئەوانیش گوتیان ئەگەر رێنماییش دەربکەین، دەبێت لە چوارچێوەی یاسایەکدا بێت

و یاساشمان نییە، بۆیە دەبێت داواکاری گشتی بێتەدەنگ.

لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە کوردستاندا (یاسای رێکخستنی رێکلام)مان نییە، هەتا ئەو رێکلامانە بەرکەوتەی پەروەردەیی و کولتوور نەبێت و کاریگەریی خراپی لەسەر منداڵ و هاووڵاتی نەبێت، ئەمە وایکردووە هاووڵاتی لە کوردستاندا چەقی میدیا نەبێت، لە بەرامبەریشدا میدیایەکی نیشتمانی دەوڵەتیشمان نییە کە بەرپرس بێت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی کاری میدیایی، بۆیە ئێستا نازانرێت سیاسەت و ستراتیژیەتی میدیای کوردی چییە.

*** لە خیتابی ئێستای میدیای کوردیدا، زمانێکی زبر و شەڕەجنێو و دروست بووە و هێرش دەکەنە سەر کەسایەتییەکان و بریندارییان دەکەن، پرسە نیشتمانییەکان بە سووکی پێناسە دەکەن، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم زمانە ناشیرینە لە میدیای کوردیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر لە وڵاتێکدا رێکخستنی میدیا نەبوو، یاسایەکی باش چاودێر نەبوو، ئەمە دەبێتە ژینگەیەك کە میدیایەکی شازی ئەوتۆ دروست بێت کە وێنەی لە جیهاندا نەبێت، بۆیە لەناو ئەم پاشاگەردانییەدا ئەگەر میدیای کوردی پۆلێن بکەین، دەبینین جۆرێك میدیا هەیە بە خۆی دەڵێت: «من میدیای ئەهلیم»، باشە کە بەخۆت دەڵێیت «ئەهلی»، مانای ئەوەیە دەبێت هاووڵاتی چەقی بەرهەمە میدیاییەکەی تۆ بێت و میدیایەکی خزمەتگوزاریی گشتی بیت و، پردێکی باش لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی دروست بکەیت، بەڵام سەیر دەکەیت، هەر ئەم میدیایەی بە خۆی دەڵێت «ئەهلی» خۆی بۆتە بەشێك لە ململانێ سیاسییەکان و بۆتە بەشێك لەو شەڕە میدیاییەی لە کوردستاندا بوونی هەیە. میدیایەکی دیکە بە خۆی دەڵێت: «من میدیای سەربەخۆم»، بەڵام لە بەرهەمە میدیاییەکانیدا بۆتە زمانحاڵی حزبێکی سیاسی، جۆرێك میدیای تر هەیە کە پێیان دەڵێن: «میدیای سێبەر»، ئەم میدیا سێبەرەش دەموچاوی دیار نییە نازانی کێ خاوەنیەتی، بۆیە خەریکە سیما و تایبەتمەندیی میدیا لە کوردستان ون دەبێت و پاشاگەردانییەك دروست دەبێت کە شتی سەمەرەی لێ بەرهەم هاتووە، بە سەدان پەیجی سێبەر دروست بووە کە تەنیا کاریان ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی خەڵك برووخێنن، هەواڵی درۆ و ساختە بڵاودەکەنەوە و کەسایەتی و کاندید و رۆژنامەنووس و رۆشنبیر دەشکێنن.

کەواتە ئێمە لەناو پاشاگەردانییەکی گەورەداین، ئەگەر بمانەوێت ئەم پاشاگەردانییە نەهێڵین، دەبێت هەوڵبدەین یاسایەکمان هەبێت، پەیمانێکی شەرەفی رۆژنامەنووسیمان هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەنیا بە یاسا و ئیتیك دەتوانین رووبەڕووی ئەم پاشاگەردانییە ببینەوە. نابێت میدیا هاوبەش بێت لە دروستکردنی قەیران و ئاژاوەدا، بەپێچەوانەوە دەبێت میدیا هۆکارێك بێت بۆ چارەسەرکردنی قەیران و ئاژاوە. لێرەدا بە راشکاوی دەڵێم: ئەگەر ئەم پاشاگەردانییە چارەسەر نەکرێت، دەبێت مەزندەی پاشاگەردانی گەورەتریش بکەین. ئەمڕۆ کاریگەریی میدیا لە کاریگەریی سیاسی زیاترە، دوو حزب لەیەکتر نزیك دەبنەوە، میدیا دەکەوێتە نێوانیان و تێکیان دەداتەوە، کێشەیەکی بچووکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، میدیا دەیکاتە هەرایەك و ئاشتیی کۆمەڵایەتی پێ تێکدەدات، بۆیە ئەم دۆخە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت.

*** پێشتر ئاماژەمان بە بوونی لینکێك لەنێوان میدیا و تیرۆریستان کرد، ئایا دەتوانین بڵێین لە نێوان ئەو پاشاگەردانییەی ئێستای میدیای کوردستان و ئیرهابی فیکریشدا لینکێك دروست بووە؟**

- پێناسەی ئیرهابی فیکری ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت قبووڵ نەکەیت و رەتی بکەیتەوە و بە هەموو شێوەیەك بیشکێنێت و لێی بدەیت و هەموو شتێکی بە نەرێنی پیشانی خەڵك بدەیت، ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیە سەیری میدیای کوردستان بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بکەین، دەبینین بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدرێت کەسایەتی بشکێندرێت، حزبی سیاسی ناشیرین بکرێت، بۆیە ئەمە نەك دەتوانین بڵێین بەشێکە لە ئیرهابی فیکری، بەڵکو ئەمە مودێلکە لە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، داعش میدیای بەکار دەهێنا بۆ شکاندنی بەرامبەرەکەی و بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری توندڕۆیی، ئەمانەش بە ئاشکرا لەناو میدیای کوردیدا هەستی پێدەکرێت، بەداخەوە بەشێك لە میدیاکانیش کەوتوونەتە

**بە سەدان پەیجی سێبەر دروست بووە کە تەنیا کاریان ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی خەڵک برووخێنن، هەواڵی درۆ و ساختە بڵاودەکەنەوە و کەسایەتی و کاندید و رۆژنامەنووس و رۆشنبیر دەشکێنن**

**ئیرهابی فیکری ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت قبووڵ نەکەیت و رەتی بکەیتەوە و بە هەموو شێوەیەک بیشکێنێت و لێی بدەیت و هەموو شتێکی بە نەرێنی پیشانی خەڵک بدەیت**

**ئێستا وای لێهاتووە خەڵک دەترسێت رای خۆی ئازادانە دەرببڕێت. خەڵک دەناسم لە ترسی جنێودان و شکاندنی، نەیوێراوە خۆی کاندید بکات،**

**لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو رژێمی بەعس کاری لەسەر ئەم ئیرهابە فیکرییە دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵکی ناو شاری سلێمانی خەڵکی دەرەوەی شاری قبووڵ نەبێت، یان خەڵکی خەڵکی هەولێری قبووڵ نەبێت، یان سۆرانی رقی لە بادینی بێت**

ژێر کاریگەریی میدیا سێبەرەکان و بەردەوامی بە ئیرهابی فیکری دەدەن، تەلەفزیۆن هەیە، بە خۆی بزانێت، یان نەزانێت، خەریکی ئیرهابی فیکرییە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ڕادیۆیەك بانگهێشت کرابووم بۆ قسەکردن لەسەر پرسێك، لەو کاتە بەڕێوەبەری ڕادیۆکە هاتە ژوورەوە و کۆمەڵێك ڕۆژنامەی بە دەستەوە بوو، بە یەکێك لە کارمەندەکانی ڕادیۆکەی وت: «لەم ڕۆژنامەنەدا هەر هەواڵێك دژی فلان لایەنی سیاسی هەبوو، دەمەوێت هەمووی لە ڕادیۆ بڵاوبکەنەوە.» بۆیە ئەمە ئیرهابی فیکری نەبێت، دەبێت چی بێت؟ ئێستا وای لێهاتووە خەڵك دەترسێت ڕای خۆی ئازادانە دەرببڕێت. خەڵك دەناسم لە ترسی جنێودان و شکاندنی، نەیوێراوە خۆی کاندید بکات، بۆیە ئەوەی ئێستا لە میدیای کوردیدا دەکرێت، ئیرهابی فیکری و کوشتنی مەعنەویی کەسایەتیی مرۆڤ و حزبەکانە.

*** ئەگەر سەیری سەرچاوەی ئەم ئاراستەیە بکەین، هەست دەکەین زیاتر لە سلێمانی ئەم ئاراستەیە بوونی هەیە، سلێمانی کە پایتەختی ڕۆشنبیری و شوێنی لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، بۆچی ئێستا بۆتە داینەمۆی ئەم پاشاگەردانییەی میدیا؟**

- ئەمە کولتووری سلێمانی نییە، کلتووری سلێمانی پێکەوەژیانە، بە درێژایی مێژوو سلێمانی مەڵبەندی پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بووە و ئامێزی کراوە بووە بۆ قبووڵکردنی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان، بەڵام ئەم ئیرهابە فیکرییەی ئێستا لە سلێمانی هەیە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی سیاسەتی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕژێمی بەعس کاری لەسەر ئەم ئیرهابە فیکرییە دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵکی ناو شاری سلێمانی خەڵکی دەرەوەی شاری قبووڵ نەبێت، یان خەڵکی سلێمانی خەڵکی هەولێری قبووڵ نەبێت، یان سۆرانی ڕقی لە بادینی بێت، بەداخەوە حزبە سیاسییەکان لەدوای ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکتری شکاندن درێژەیان بەم ئیرهابە فیکرییەی ڕژێمی بەعس دا و یەکتریان ڕەتکردەوە، بۆیە پێش ئەوەی پاشاگەردانییەکی میدیایی لە سلێمانی بوونی هەبێت، پاشاگەردانییەکی سیاسیش بوونی هەیە، لە سلێمانیدا میدیایەك کاری کرد، لەلایەن ئەوانەی بە خۆیان دەگوت: «ئۆپۆزسیۆن»، کە بووە هۆکار و دەروازەیەك بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی خەڵکی ناڕازی، ئیشیان لەسەر ئەوە کرد، بەرامبەر بسڕنەوە و دەسەڵات ناشیرین بکەن، بۆ ئەوەی بەرامبەر نەمێنێت، ئینجا ئەوان سەربکەون و دەسەڵات بگرنەدەست. ئەوجا ئەم حاڵەتە هەتا سۆشیال میدیا بوونی نەبوو، باشتر بوو، بەڵام لەو کاتەوەی سۆشیال میدیا پەیدا بووە، هەر تاکێك کە بە ئایدیۆلۆژیەتی ئەو ئۆپۆزسیۆنە پەروەردە کراوە، بۆتە کەسێکی بێ تاقەت و بێ ئومید و حەزی لە تۆڵەکردنەوەیە، تۆڵە کردنەوەکەشی بە جنێودان و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بەتاڵ دەکاتەوە. ئەوجا ئەو لایەنانەشی کە لە میدیاکانی خۆشیانەوە بەردەوامی بەم ئیرهابە فیکرییە دەدەن. هەر خۆیان بە سەدان پەیج و ئەکاونتی بێ دایك و باوکیان هەیە و لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوامی بە ئیرهابی فیکری دەدەن.

*** دیارە سلێمانی لە مێژووی کوردستاندا یەکەم شاری کوردستان بووە کە قبووڵی نەبووە کوردستان بە عێراقەوە بلکێندرێت، بەڵام ئێستا لەم شارەدا خەڵك شانازی دەکات بەشێك بێت لە عێراق و دژی دەوڵەتی کوردستان قسە دەکات، ئایا ئەمەش کاریگەریی ئەو ئیرهابە فیکرییەی لەسەرە؟**

- ئینتیمای نیشتمانی بەشێکی میدیا دروستی دەکات، کە لە وڵاتدا میدیایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوونی نەبێت، ئەوا ئینتیماکەش لاواز دەبێت و پاشاگەردانی لە میدیادا دروست دەبێت، بەشێکی دیکە ئینتیمای نەتەوەیی سیستەمی پەروەردە دروستی دەکات، ئاشکرایە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە لە ئاستی پێویستدا نییە، بەشێکی دیکەشی سیستەمی سیاسی دروستی دەکات، ئاشکرایە لەناو سیستەمی سیاسیی ئێمەدا پاشاگەردانی هەیە. ئەوەی ئێستا لە سلێمانی دەگوزەرێت، پرسەکە هەر ئەوەندە نییە کە ئینتیمای نیشتمانی لای تاك لاواز بووە، بەڵکو ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لای هەندێك حزبی سیاسی هەر بوونی نەماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لای هەندێك حزبی سیاسی بوونەتە پرسی کەسی. حزبی سیاسی پرۆژەیەکی نیشتمانییە، بۆیە زۆر سەیرە حزبێکی سیاسی گاڵتە بە پرسی

**لە سلێمانی میدیایەک دروست بوو لەلایەن ئەوانەی بە خۆیان دەگوت: «ئۆپۆزسیۆن»، کە بووە دەروازەیەک بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی خەڵکی ناڕازی و کاریان لەسەر ئەوە کرد، بەرامبەر بسڕنەوە و دەسەڵات ناشیرین بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان سەربکەون و دەسەڵات بگرنەدەست**

**ئەوەی ئێستا لە سلێمانی دەگوزەرێت، پرسەکە هەر ئەوەندە نییە کە ئینتیمای نیشتمانی لای تاک لاواز بووە، بەڵکو ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لای هەندێک حزبی سیاسی هەر بوونی نەماوە**

**حزبی سیاسی پرۆژەیەکی نیشتمانییە، بۆیە زۆر سەیرە حزبێکی سیاسی گاڵتە بە پرسی سەربەخۆیی، یان ریفراندۆم بکات. دەبێت پرسیار لەو حزبە بکەین: ئەگەر خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان ناکات، ئەی بۆچی دروست بووە؟**

**ئینتیمای نیشتمانی بە سیاسەت و ستراتیژ دروست دەبێت، بەشێک لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی حزبە بچووکەکان، سیاسەت و ستراتیژیان دیار نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە نازانرێت ئەو حزبە بۆچی دروست بووە و دەیەوێت چۆن سیاسەت بکات**

سەربەخۆیی، یان ریفراندۆم بکات. دەبێت پرسیار لەو حزبە بکەین: ئەگەر خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان ناکات، ئەی بۆچی دروست بووە؟ لێرەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئینتیمای نیشتمانی بە سیاسەت و ستراتیژ دروست دەبێت، بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی حزبە بچووکەکان، سیاسەت و ستراتیژیان دیار نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە نازانرێت ئەو حزبە بۆچی دروست بووە و دەیەوێت چۆن سیاسەت بکات.

*** ئەگەر بمانەوێت ستراتیژێك و سیاسەتێك دابنێین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهابی فیکری لە کوردستاندا، ئایا دەبێت ئەم سیاسەت و ستراتیژە لەسەر چ بنەمایەك بێت؟**

- ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهابی فیکری بەشێکی بە یاسا دەکرێت، بەشێکی دیکەی بە دەستکاری و هەموارکردنەوەی هەندێك یاسای دیکە دەکرێت. بۆ ئەوەی لە پاشاگەردانی میدیا دوور بکەوینەوە، دەبێت میدیا بە یاسا رێکبخرێت، دەبێت دەستکاریی یاسای حزبەکان بکرێت، کە تیایدا دەڵێت: هەموو حزبێك مافی خۆیەتی میدیای هەبێت، بەڵام ناڵێت چەند میدیای هەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نابێت یاسای حزبەکان رێگە بدات لە ماوەی یەك دوو مانگدا حزبێك دروست بێت و چەندین کەناڵی میدیایی بۆ ئیرهابی فیکری بخاتەگەڕ، هەروەها دەبێت کار لەسەر سایکۆلۆژیەت و پەروەردەی تاك بکەینەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهابی فیکری بەشێکی بە سیستمی پەروەردە دەکرێت، بەشێکی بە هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی بەرفراوان دەکرێت، کە ئەم کارە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی بکات، لەبەر ئەوەی بە پلەی یەکەم ئەم ئیرهابە فیکریە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت. بۆیە دەبێت ئەوە رەچاو بکەین و بزانین ئەم ئیرهابە فیکریە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، دەبێت لەو سەرچاوانە چارەسەر بکرێت، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە پاشاگەردانیی میدیا هەبێت، ئەوا بەشێکیشی پەیوەندی بە سیستمی پەروەردە و سیستمی سیاسییەوە هەیە، بۆیە دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان هەنگاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهابی فیکری هەڵبگیرێت.



**پرۆفیسۆری یاریدەر د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، ساڵی١٩٧٣ لە هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە. بڕوانامەی دیپلۆمی لە تەندروستیی کۆمەڵ لە ساڵی ١٩٩٥ لە سلێمانی، بەکالۆریۆس لە میدیا ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی، ماستەر لە پەخشی نیشتمانیی «بی بی سی» لە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٨ و ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی دکتۆرای لە «کولتوور و تەلەفزیۆنی بازرگانی و ریکلام» لە بەریتانیا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ئێستا لە بواری کاری میدیایی وەك: سەرنووسەری رۆژنامە، ئامادەکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی کاری کردووە و زیاتر لە سەد وتاری تایبەتی و ١٥ توێژینەوەی لە رۆژنامە و گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە. ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەریتانیا و نێودەوڵەتییە و لە هەشت کۆنفرانسی جیهانی لە بواری میدیا لە وڵاتانی (بەریتانیا، تورکیا، لوبنان، ئێران و سووریا) بەشداری کردووە. هەر لە لەبواری میدیای یەك کتێبی بڵاوکراوەتەوە و سێ کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ، ئێستاش لە زانکۆی سلێمانی مامۆستایە و وانە دەڵێتەوە و هەموو ئەزموونەکانی بۆ پەروەردەی زانستی لە بواری کاری میدیایی تەرخان کردووە.**

# خەباتی چەکداری و بەخۆداچوونەوە !

## (ئیتا و فارِک و پەکەکە- بە نموونە)





د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



پێش چەند مانگێک بزووتنەوەی «ئیتا» بۆ سەربەخۆیی هەرێمی باسک لە ئیسپانیا کۆتایی بە خەباتی چەکداری هێنا کە ٦٠ ساڵ بوو پەیڕەویدەکرد و، لەو ماوەیەدا، بە سەدان و هەزاران کەس کوژران و برینداربوون ؛ ئیتا خۆیی هەڵوەشاندەوە و بڕیاریدا ئیتر خەباتی سیاسی لەپێناو ئامانجەکەیدا بکات، ئەمەش دەسکەوتێک بوو بۆ هەردوولا- دەوڵەتی ئیسپانیا و گەلی باسک...

پێش ئەویش، ساڵی پار، سەرۆکی کۆڵۆمبیا خەلاتی «نۆبلی ئاشتی»ی وەرگرت لەسەر ئەوەی توانی، شیلگێرانە و بە زیجیرەیەکی درێژی دانوستان و گفتوگۆ، چەک بە بزووتنەوەی «فارک» دانێ و وڵات ڕزگار بکات لە شەڕ و پێکدادانی بێ ئامانج.

ئەم دوو ڕووداوە گرنگانە شتێکیتر نین جگە لە گەڕانەوە بۆ عەقڵ، بۆ لۆگیک و بۆ بیرکردنەوەی ساغ ؛ گەیشتنی لایەنەکان بەو ڕاستییەی کە مرۆڤایەتی چیتر توندوتیژی بە میتۆدێکی ڕەوا نازانێ بۆ بەدەسهێنانی مەرامەکان- کوشتن و قڕکردن، کاول و وێرانکردن هەرگیز ئامانجی «پیرۆز»یان لەپشت نین... مرۆڤایەتی پەیتا پەیتا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ، خەبات دەکات بۆ نەهێشتنی چەک وچەکداری ؛ ئەگەرچی توندوتیژی تەنیا چەکداریی نییە، جۆر و شێوازی زۆرن.

لەبەرامبەر ئەمەشدا، هەر پێش چەند مانگێک سەرۆکی ئەفغانی دەسپێشخەرییەکی لەم جۆرەی ئاڕاستەی بزووتنەوەی تالیبان کرد، کەچی تالیبان بە چەند هێرش و تەقاندنەوەیەک وەڵامی دایەوە. تالیبانی مێشک چەقبەستوو لەوە ناچێ بەم زووانە بسەلمێنێ و «ئەجری ئاخیرە» بە ڕێککەوتنێکی سیاسی بگۆڕێتەوە، بەلای ئەمەوە ئەمە جیهاد و مەسەلەیەکی ئیلاهییە.

لە کوردستانی باکووریش پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە خەباتی چەکداریی هەڵکردووە و، بەم میتۆدە، هەموو ئەو ماوەیە قوربانیی داوە، خاک و گوند و شاریش خاپوور و وێران بووین. ڕاستە لەمەدا کورد تاقە ئەکتەر نییە، عەسکەریتاریزمی تورکیش بەهەمان ڕادە، بگرە زێتریش، لەم پێکدادانە نەک هەر تێوەگلاوە، بەڵکو ڕەنگە سوودمەندی هەرەگەورە بێت- چەک و چەکداری لەوێ پڕقازانجترین بوارە. کەچی دوای ٤٠ ساڵ لە خەباتی چەکداری، جێگەی خۆیەتی و بگرە پێویستە بزاڤی کوردی لەم بەشەی کوردستان بەخۆداچوونەوەیەک بکات، چاوێک بە میتۆدی خەباتی تەقلیدیی خۆیدا بخشێنێتەوە و هەڵسەنگاندنێک بکات بۆ دەسکەوت و بۆ زیان و قوربانییەکانی؛ حسێبێکی جیددی بکات بۆ قۆناغ و بۆ کات. ئەگەر خەباتی چەکداری میتۆدێکی «کاریگەر» بووبێت بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ حەفتا و هەشتاکانیش، ئەوا بۆ نەوەدەکان و بۆ سەدەی بیست ویەک و لە هەلومەرجی جیهانگیری و پێشکەوتنی چەک و تەکنۆلۆگیادا، ئەم شێوازی خەباتە بایەخ و کاریگەریی لەدەست داوە... بەتایبەتیش لە وڵاتێکی زلهێزی عەسکەریی وەکو تورکیا کە، زیاد لەوەش، ئەندامی ناتۆیە.

ئەگەر بەراوردێک بکەین، لەو ٤٠ ساڵەی ڕابردووی پێکدادانی چەکداری لەنێوان گەریلا و سوپای تورکیادا، دەسکەوت و زیانەکانیان دەسنیشان بکەین — بێگومان زیانەکانیان پترن لە «دەسکەوتەکان»یان. ڕاستە کێشەی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا چۆتە پێشەوە و ئەو پێشکەوتنە سیاسی و کولتووریانەی لەم ساڵانەی دوایی بەدەستهاتوون، بەڕادەیەکی زۆر، دەرئەنجامی ئەو خەباتە چەکدارییە بوون... بەڵام دەوڵەتیش بەهەمان جۆر، ساڵ بە ساڵ، پێشکەوتووە- ئێستاکە تورکیا لەنێو ٢٠ دەوڵەتانی هەرە گەشەسەندووی ئابووریی جیهان دایە و خاوەن گەورەترین سوپای ناتۆیە ؛ توانیویەتی لە دەرەوە خۆی بە ڕژێمێکی «دیموکرات» و بزاڤی کوردیش بە «تیرۆریزم» پێناسە بکات- لەمەشدا پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی هەیە.

پێشکەوتنەکانی کورد لە باکوور شایانی ئەوە بوون بکرێن بە بنەما بۆ بەخۆداچوونەوەیەکی بنەڕەتیانە لەڕووی ئایدیۆلۆگیا و میتۆدی خەباتیانەوە (ئەوەی ئێمە لە باشوور ساڵی ١٩٧٤ نەمانکرد!) بەشێوەیەک بگونجێن لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەمی ئێستا و

ڕەچاوکردنی پاشەکشەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەرامبەر زێدەبوون و هەڵکشانی ڕەوتی تێکۆشانی سیاسی و خەباتی مەدەنی لە سەرانسەری دنیادا کە دواهەمینیان هەڵوێستەکانی «ئیتا» و «فارک» بوون.

سووربوون لەسەر درێژەدان بە خەباتی چەکداری، جگەلەوەی ئاماژەیەکە بۆ زەینیەتی «ڕۆمانسیزمی» شۆڕشگێڕیی سەدەی ڕابردوو، هەروەهاش مانای حاڵی نەبوونە لە ناوەڕۆکی چەمکی شۆڕش و کورتهێنانە لە دارشتنی ستراتیجیایەکی گونجاوی سەردەمیانە بۆ گەیشتن بە ئامانج...

خەباتی چەکداری هەلومەرج و پێداویستیی خۆیی هەن و ئیمڕۆکە تەنیا بە چەکی سووک لە شاخ و کێو، دۆڵ و دارستانەکاندا بەڕێوەناچێ، بەڵکو دەبێ چەکی هاوتای بەرامبەرەکەی هەبێ- ئیمڕۆکە تانک لە پەنای شاخێکەوە، بێ ئەوەی بتبینێ، دەتپێکێ؛ فڕۆکە لە ئاسمانی حەوتەمەوە بە لەیزەر وردوخاشت دەکات، با مۆدێلێکی کۆنی چەکی دژەفڕۆکەشت هەبێ... لەلایەکیتریشەوە، هەر لە ئارادا بوونی بزاڤێکی چەکدار لە وڵاتێکدا، خۆی لە خۆیدا، بە «سووکە» پاڵپشتییەکی دەرەکی، ئەم بزاڤە، دەکرێ بە کارتی فشار بۆ سەر ئەو وڵاتە لە لایەن دەوروبەر و هێزە نەیارەکانیەوە بۆ مەرامی جۆراوجۆریان — ئێمە لە باشوور ئەزموونی ئەوەمان کردووە، ئێستاش لە باکوور، هەروەها لە سووریاش ئەمە ڕوودەدات.

نە هەر ئەوە، تەنانەت لە باشووریش، ئەو حیزبە سیاسییانەی هێزی چەکداریان ڕاگرتوون، ئەگەرچی هێزەکانیان بەڕادەیەک ڕێکخراو و بە دیسپلنن، بەڵام هەر جێگەی مەترسییە و وەکو بۆمبێک وایە، تەنیا دەسوەردانێکی «دەرەکی» ڕەنگە کارەساتی لێ بکەوێتەوە- حیزبی سیاسیی چەکدار، واتە زەینیەتی جاران هێشتا بنبڕ نەبووە.

سالانی ١٩٩١- ١٩٩٢ لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری «یەکگرتن»دا (لە دانمارک دەردەچوو) گفتوگۆیەک هەڵبوو لەسەر شۆڕشی ئەیلول و خەباتی چەکداریی کورد- ڕا و بۆچوونی جیاواز خرانەڕوو؛ من لەم دەمەتەقێیەدا داکۆکیم کردووە لەم شۆڕشە کە لە ئاستی کولتووری ئەوساکەی کورد بووە، هەروەهاش لە شێوازی خەباتە چەکدارییەکەی و پێداگیریم کردووە لەسەر ئەوەی کە ئیتر دەبێ بیر لە شێوازی خەباتیتر بکرێتەوە کە بگونجێ لەگەڵ هەلومەرجەکانی قۆناغی نوێدا*- شۆڕش و شێوازی خەباتەکەی مەسەلەیەکی تەواو کولتوورییە.

داننان بە واقیع هەرگیز نەنگیی نییە. شەڕکردن لەگەڵ لەخۆت بەهێزتر- کورد وەسفێکی جوانی بۆ هەیە!! کە نەتتوانی لە ئانکەرە و ئیستامبول هیچ بکەیت بۆ شەڕ دەخەیتە نێو ئامەدەوە؟ کە دەزانی عفرین هەر دەگیرێ بۆ چۆڵی ناکەیت؟ لەوەدەچێ «مەنبج» یش بە هەمان چارەنووس بگات. ئەوەش سەلمێندراوە کە دەوڵەتان گەلێک باکیان بەوە نییە لەسەر شاخ و لەنێو دۆڵەکاندا چ دەگوزەرێ...

داکۆکیکردن لەخۆ مافێکی ڕەوا و سروشتییە، بەڵام کورد ئیتر قۆناغی لەنێوچوونی تێپەڕاندووە و هەندێ مافیشی بەدەسهێناون- لەمەودوا دەوری سیاسەتە.

سیاسەت — واتە هزر و هۆش، واتە تێگەیاندن و پێ سەلماندن، ئەوەش ماوە و پشوودرێژی و دان بەخۆدا گرتنی گەرەکە، بەتایبەتیش لە مەسەلەیەکی وا ئاڵۆز و مێژوویی... نەفەس تەنگی و پەلەکردن هزر و هۆش دەخەنە لاوە، ئامانجیش دەشێوێنن.

نزیکەی نیو سەدە لە ئەزموون، دەبێ زەمینەیەکی دەوڵەمەند بێت بۆ سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستنەوە و دارشتنەوەی ئایدیۆلۆگیا و میتۆدی خەبات- ئەگینا ڕووداوەکان تراژیدیانە هەمیشە دووبارە دەبنەوە.

کۆمەڵگای کوردی، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕووەو وەرچەرخانێک بۆتەوە کە دەشێ تیایدا کولتوورێکی خەباتی نەتەوەیی هۆشمەندانەتر و سەردەمیانەتر دابێنێ...

---

*گۆڤاری «یەکگرتن» دانمارک- ژمارەکانی ١٩٨٩/٩، ١٩٩٠/١١، ١٩٩٢/١٢، ١٩٩٣/١٣



بارزان حامید سەعید
نووسەر و شارەزا لە زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:

# ئەو ئیرهابە فیکرییەی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە پیادە دەکرێت، هەوڵێکە بۆ تێکدانی سایکۆلۆژیەتی خەڵک و تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان

**ململانێ و کێبڕکێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، جیا لەوەی جۆرێك لە پاشاگەردانیی سیاسی دروستکردووە، لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی ئەم پاشاگەردانییە لەسەر میدیاکانی ئەو دەڤەرە جۆرێك لە گوتاری زبر و ئیرهابی فیکری لێ بەرهەم هاتووە، بەوەش ژینگەیەکی ئەوتۆی سیاسی هاتۆتەئاراوە کە بە هەموو شێوەیەك بەرامبەرەکانیان ڕەتدەکەنەوە و هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێت و بە ڕێگەی هۆیەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵدەدەن کەسایەتی تاکی کورد تێکبشکێنن و لایەنە سیاسییەکان ناشیرین بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دیاردەیە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بارزان حامید سەعید نووسەر و شارەزا لە زانستە سیاسییەکان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** کاتێك سەیری شێوازی فرەحزبی لە کوردستان دەکەین، هەست دەکەین لەبری یەکتری قبووڵکردن جۆرێك لە یەکتری ڕەتکردنەوەو یەکتری سڕینەوە بەدی دەکرێت، ئەم دیاردەیە بە راشکاوی لە سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بوونی هەیە، ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە حزبایەتی بەرەو ئەم ئاراستەیە بردووە؟**

- ئەگەر باس لەو شێوازە بکەین کە حزبە سیاسییەکان لەم دەڤەرە پیادەی دەکەن، ئەوا راشکاوانە دەتوانین بڵێین، ئەو شێوازە شێوازێکی سەرکەتوو نەبووە و لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای ململانێیەکی تەندروست کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ خستنە رووی بەرنامەی باشتر، زیاتر هاتوون لەسەر بنەمای ململانێیەکی ناتەندروست و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و شکاندنیانەوە کاریان کردووە، هەروەها هەموو هەوڵی خۆیان داوە کە بە ڕێگەی دامودەزگا میدیاییەکانی خۆیان و میدیا ئاراستەکراوەکانیان و میدیای سێبەر و بە سەدان و هەزاران پەیج و ئەکاونتی سێبەر، پەیامێکی چەواشەکارانە بەرهەم بهێنن و لایەنگرانی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو پەیامە چەواشەکارییە پەروەردە بکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیاسی کە راستکردنەوەی ئاسان نەبێت. دیارە ئەم شێوازەی ئێستا، رەگ و ریشەی مێژوویشی هەیە، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە شێوازی حزبایەتی لەم دەڤەرە لەسەر ئەم بنەمایە برەوی پێدراوە و ململانێی تەندروستی حزبایەتی گۆڕاوە بۆ ململانێی توندوتیژ و شەڕی ناوخۆ، کە بەداخەوە ئەو شەڕە ناوخۆییانە زیانێکی گەورەی بە رەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی دۆزەکەمان گەیاندووە، هەروەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ جارێکی دیکە تاقمێك لەناو هێزێکی سیاسیدا هەمان مێژووی رابردوویان دووبارە کردەوە، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتوویی پرۆسەی ریفراندۆمی ئەنجامدابوو، خۆمان ئامادە کردبوو کە هەنگاوەکانی دوای سەرکەوتنی ریفراندۆم تەواو بکەین و، پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە خەونی سەدان ساڵی هەر تاکێکی کوردستانە و بە سەدان هەزار شەهیدمان لەو پێناوەدا خوێنی رژاوە و ئەو هەموو نەهامەتی کیمیاباران و ئەنفال و بە سووتماککردنی خاکی کوردستان هەموو هەر لەو پێناوەدا بووە.، فرسەتێك هاتبووە پێشەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە گەلێکی بێ دەوڵەتەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئا لەو کاتە هەستیار و مێژووییەدا تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر خەنجەرێکی ژەهراوییان لە کوردستان دا و ڕێگەیان نەدا، ئەو خەونە پیرۆزە بۆ کورد بێتەدی. هەموو ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەی لە مێژووی پەنجا تا شەست ساڵی رابردوو لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا روویانداوە، هەمووی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە شێوازی حزبایەتی لە کوردستان لە ماوەی ٥٠-٦٠ ساڵی رابردوو لەسەر بنەمای یەکتری ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرامبەر بووە، لە ئێستاشدا ئەمە بۆتە دیاردەیەکی باو لەم دەڤەرەو ژینگەیەکیان

**ئەو ناوچانەی کە پارتی لە رووی حوکمڕانییەوە تێیدا باڵادەست بووە، لەگەڵ هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەراوردیان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر گەورەیان هەیە و حوکمڕانیی پارتی بەرارود بە حوکمڕانیی ئەو دەڤەرە زۆر سەرکەوتووتر بووە**

**دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان سەیری مێژووی ٥٠-٦٠ ساڵی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان دەکەن و باش دەزانن لە هەر قۆناخیکدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بوو بێت، ئەوا دەنگی سەربەخۆییش بەهێز بووە**

دروستکردووە کە بە ئاشکرا ئیرهابی فیکری تێدا بەڕێوەدەچێت.

*** کاتێك سەیری پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبەکانی کوردستان دەکەین، دەبینین خاڵە هاوبەشەکانیان لە خاڵە جیاوازەکانیان زیاترە، بەڵام سەیری سیاسەتی پراکتیکتان دەکەین، دەبینین ئەجینداکانیان زۆر لە یەکتری جیاوازە، ئایا هۆکاری ئەم پێکناکۆکییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو حزبە سیاسییانەی کە پەیڕەو و پڕۆگرامیان شتێك دەڵێت و لە ئەجیندای پراکتیکی سیاسیدا بەجۆرێکی دیکە رەفتار دەکەن، ئەوا هێشتا خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە، بەوەی کە ئایا حزبێکی کوردستانین و خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی دروستبوونی ئەو کیانە سیاسییەیە کە تاکەکانی کوردستان خەونی پێوە دەبینین، ئەوجا کاتێك حزبی لەمجۆرە بوونی هەبێت، ئەوا دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان کە ئەوانیش دژی دروستبوونی کیانێکی سیاسین بۆ خەڵکی کوردستان، دەزانن دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی لە باشووری کوردستان دەبێتە پشتیوانی و پاڵپشت بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەوا بە رێگەی ئەو حزبانەی ئەجیندایەکی روونیان نییە، لە دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان تێکەڵاوی پرسەکە دەکەن و ئەوەی مەبەستیان بێت، لە رێگەی ئەو حزبانەوە ئەنجامی دەدەن. لەمەش زیاتر چەندین رێگەوە ئەوەی بۆیان بکرێت، دەیگرنەبەر، بۆ ئەوەی پرسی نەتەوە و نیشتمان لای تاکەکانی کوردستان کاڵ بکەنەوە، هەروەك چۆن ئێستا لەم دەڤەرە دەبینین کە تەنیا خەڵکانێکی ناو حزبەکان نین کە لە ئاستی جیاوازدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی داگیرکەرانی کوردستان، بەڵکو رۆژنامەنووس و بەشێك لەوانەشی بە خۆیان دەڵێن رۆشنبیر، کەوتوونەتە ناو ئەو گێژاوەو دەزگا میدیاییەکانیان بە تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانیشەوە خستوویانەتەگەڕ بۆ ئەوەی دژایەتی دەوڵەتی کوردستان و پرۆسەی ریفراندۆمی پێ بکەن. زۆر بێویژدانانە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی خەڵکی کوردستان بەوە بشکێنن کە دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نییە، ئەمە لە کاتێکدایە بە درێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو هەرچی قوربانیەکمان دابێت و هەرچی کاولکارییەك بەسەر کوردستان هاتبێت، هەمووی لە پێناوی ئەوە بووە، میللەتی ئێمەش وەك میللەتانی دیکەی جیهان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت.

*** هەوڵدان بۆ تێکشاندنی ئیرادە و سایکۆلۆژیەتی خەڵکی کوردستان لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە، جۆرێك لە نائومێدیی سیاسیشی لای تاکەکان دورست کردووە، ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە رەنگدانەوەی هەبوو، ئایا خوێندنەوەت ئەم دیاردەیە چۆنە؟**

- خەڵکی کوردستان هەم لە رووی جەستەییەوە ماندووە، بەوەی رۆژانە ماندوو دەبێت بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی، هەمیش لە رووی سایکۆلۆژیشەوە هیلاکە، کە دێتە بۆ مامەڵەوە ئێوارە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە رووبەڕووی ئەو ئیرهابە فیکرییە دەبێتەوە کە ئەو تەلەفزیۆنانە هەڵیدەڕێژن. تەلەفزیۆنەکانی ئەم دەڤەرە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی بە خۆیان دەڵێن «ئۆپۆزسیۆن» و ئامانجیان ئەوەیە بە هەر رێگەیەك بگەنە دەسەڵات، بە جۆرێك وێنای بارودۆخی کوردستان دەکەن، وەك ئەوەی هەموو کوردستان پارچەیەك بێت لە دۆزەخ، بەشێوەیەك وێنای دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، وەك ئەوەی ئەو دامودەزگایانە دوژمنی خەڵکی کوردستان بن، راستە کارێکی ئاساییە میدیا رەخنە لە حکومەتی خۆی بگرێت و هاوکاری بێت بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان، بەڵام هێڵێکی راست و چەپ بە سەر هەموو دامەزراوە شەرعییەکان و حکومەتدا بهێنێت و وەك دوژمنی خەڵکی کوردستان وێنای بکات، ئەمەیان دەچێتە چوارچێوەی ئیرهابێکی فیکری و سایکۆلۆژیەتی خەڵکی کوردستان ماندوو دەکات و جۆرێك لە بێ ئومێدیش دروست دەکات، کە خەڵك بە فراوانی و بە پەرۆشەوە لە پرۆسەی سیاسی بەشداری نەکات، کە یەکێك لە بەشداریکردنە گرنگەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانە کە هاووڵاتی مافی خۆیەتی بچێتە سەر سندوقەکانی

**ئەوانەی پەیامێکی چەواشەکارانەیان کردۆتە خۆراکی میدیاکانیان و دەرخواردی خەڵکی دەدەن، خەڵکیش و خۆشیان باش دەزانن کە لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ئایاری ١٩٩٤ـەوە، پارتی هیچ دەسەڵاتێکی ئیداری لە سنووری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و گەرمیان نەبووە**

**کارێکی ئاساییە میدیا رەخنە لە حکومەتی خۆی بگرێت و هاوکاری بێت بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان، بەڵام هێڵێکی راست و چەپ بە سەر هەموو دامەزراوە شەرعییەکان و حکومەتدا بهێنێت و وەک دوژمنی خەڵکی کوردستان وێنای بکات، ئەمەیان دەچێتە چوارچێوەی ئیرهابێکی فیکری و سایکۆلۆژیەتی خەڵکی کوردستان ماندوو دەکات**

**ئەو لایەنانەی بە خۆیان دەڵێن «ئۆپۆزسیۆن» و ئامانجیان ئەوەیە بە هەر رێگەیەک بگەنە دەسەڵات، بە جۆرێک وێنای بارودۆخی کوردستان دەکەن، وەک ئەوەی هەموو کوردستان پارچەیەک بێت لە دۆزەخ**

دەنگدان و دەنگی خۆی بدات بەو لایەنەی کە هەڵیدەبژێرێت.

*** لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراقدا، زۆر لەلایەنەکانی ئەو دەڤەرە گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە دەنگ ناهێنێت، بۆ ئەمەش هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ سەر پارتی دەست پێ کردبوو، کە تا ئێستاش بەردەوامە، هەوڵیاندەدا وا لە خەڵکی بگەیەنن کە سەرچاوەی نەبوونی خزمەتگوزاری لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئایا بۆچی لەو دەڤەرە ئەم ئیرهابە فکرییە دژی پارتی بەڕێوەدەچێت؟**

- ئەو ژینگە سیاسییەی لەم دەڤەرە لە دژ و بۆ ناشیرینکردنی پارتی بەڕێوەدەچێت، بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حزبەکانی ئەم دەڤەرە ئەجیندایەکی روون و ئاشکرایان نییە و خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە بەوەی کە کوردستانیین، یان نە، بەشێکی دیکەشی ئەجیندای دەرەکییە و لە رێگەی ئەم حزبانەوە جێبەجێ دەکرێت. دیارە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان سەیری مێژووی ٥٠-٦٠ ساڵی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان دەکەن و باش دەزانن لە هەر قۆناخیکدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بوویێت، ئەوا دەنگی سەربەخۆییش بەهێز بووە، هەروەها دەزانن کە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها هێزی سەرەکییە لە کوردستاندا کە ئەجیندایەکی روون و راشکاوانەی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەیە، هەروەها حکومەتی عێراقیش دەزانێت تاکە هێزێك لە کوردستاندا کە بتوانێت بڕیار بدات و کاریگەری لەسەر شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەبێت، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم هەقیقەتە لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر راشکاوانەتر روون بووەوە و بینیمان چۆن هەموو حزبەکانی دیکە بە پەلەپەل دەچوونە بەغدا و پاڵپشتی خۆیان بۆ هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم دەخستەڕوو، یان پێشنیاری حکومەتی ئینقازیان دەکرد و داویان دەکرد حکومەتی بەغدا راستەوخۆ لەگەڵ پارێزگاکان مامەڵە بکات، نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە پشتگیریی خۆیان بۆ نەمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان پێشکەشی بەغدا دەکرد، بەڵام ئەمانە هیچیان سەری نەگرت و بەغداش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزەیە کە خەڵکی کوردستان پشتگیری لێ دەکەن، ئەمەش دەریخست ئەو حزبانەی لەم دەڤەرەوە هەموو ئۆباڵێکی نەبوونی خزمەتگوزاری دەخەنە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیامێکی چەواشەکارانەیان کردۆتە خۆراکی میدیاکانیان و دەرخواردی خەڵکی دەدەن، ئەمانە هەموویان لە کاتێکدان کە خەڵکیش و خۆشیان باش دەزانن کە لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ئایاری ١٩٩٤ـەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی ئیداری لە سنووری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و گەرمیان نەماوە، ئەو دەسەڵاتەی لەم دەڤەرە لە سەردەمی دووئیدارەیی حوکمڕانی کردووە و حکومەت و سەرۆك وەزیرانیان هەبووە، سەر بەو حزبانەن کە ئەو کات بەشێك بوون لەو دەسەڵاتەو ئێستا لەژێر ناوی جۆراوجۆردا خۆیان راگەیاندووە، بۆیە کێشەی شکستی حوکمڕانی و نەبوونی خزمەتگوزاری، شکستی ئەو حزبانەیە کە پشتر بە شێك بوون لەو دەسەڵاتە، هەر بۆیەش ئەگەر ئێستا ئەو ناوچانەی کە پارتی تێیدا باڵادەست بووە لە رووی حوکمڕانییەوە لەگەڵ هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەراوردیان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر گەورەیان هەیە و حوکمڕانیی پارتی بەراورد بە حوکمڕانیی ئەم دەڤەرە زۆر سەرکەوتووتر بووە، بەڵام حزبەکانی ئەم دەڤەرە بۆ شاردنەوەی شکستی حوکمڕانیی خۆیان و شکستهێنان لە پرۆسەی ئۆپۆزسیون بوون و جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە هاووڵاتیانیان دابوو، دەستیان کردووە بە هەڵمەتێکی هەمەلایەنە بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و دەیانەوێت بە هەر رێگەیەك بێت، پارتی لەبەر چاوی خەڵکی ئەم دەڤەرە ناشیرین بکەن، ئەمەش جۆرێکە لە ئیرهابی فیکری کە دژی پارتی پیادە دەکرێت، بەڵام خەڵکی ئەم دەڤەرە وردە وردە دەگەنە ئەو هەقیقەتەی کە دەبێت کۆتایی بەم ئیرهابە فیکرییە بێت و هەوڵ نەدرێت بەم رێگەیە نەبوونی خزمەتگوزاری پەردەپۆش بکرێت.

**دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان دەزانن دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی لە باشووری کوردستان دەبێتە پاڵپشت بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە بە رێگەی ئەو حزبانەی ئەجیندایەکی روونیان نییە، لە دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان تێکەڵاوی پرسەکە دەکەن و ئەوەی مەبەستیان بێت، لە رێگەی ئەو حزبانەوە ئەنجامی دەدەن**

**فرسەتێک هاتبووە پێشەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە گەلێکی بێ دەوڵەتەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەو کاتە هەستیار و مێژووییەدا تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر خەنجەرێکی ژەهراوییان لە کوردستان دا و رێگەیان نەدا، ئەو خەونە پیرۆزە بۆ کورد بێتەدی**

**لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای ململانێیەکی تەندروست کێبڕکی لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ خستنە رووی بەرنامەی باشتر، زیاتر لەسەر بنەمای ململانێیەکی ناتەندروست و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و شکاندنیانەوە کاریان کردووە**

دیمانەی تایبەت



**کرەیگ دۆگلاس ئەلبێرت**

**پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا و ئێران لەسەر ڕێڕەوی پێکدادانن

**کرەیگ دۆگلاس ئەلبێرت، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئوگوستا. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ئەمریکا. لە چەند بوارێکی بایەخداردا توێژینەوە ئەنجام دەدات، وەك ناکۆکیی ئیتنی و تیرۆریزم، کێشە تیولۆجی- سیاسییەکان و پەروەردەی زانستی سیاسی. بۆ تیشکخستنەسەر دەرئەنجامەکانی بڕیارەکەی ئەم دواییەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بەگشتی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترین و دژوارترین ئەو تەحەددییانە چین کە لە پەیوەندی بە سیاسیەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕووبەڕووی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەبنەوە؟**

- بە تێگەیشتنی من دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت ئەو پەیامە بە جیهان بگەیەنێت کە ئەو هێشتا خوازیاری ئەوەیە وڵاتەکەی ببێتە شەریك و هاوبەشێکی جیهانی، واتە لەسەر ئاستی جیهانی هاوکاری بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت بە ڕادەیەکی کەم ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ئەمریکادا دروست بکات، بە چەشنێك ئەمریکا یەکەم ئەولەوییەتی وڵاتەکەی بێت. چونکە ئەمە ئاراستەی سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکایە، کە دروشمەکەش بریتیە لە: «سەرەتا ئەمریکا». لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نایەوێت پاشەکشەی بکات لە جیهان و بەرەو گۆشەگیری هەنگاو هەڵبگرێت، وەك ئەوەی هەندێ کەس دەیخەنەڕوو، بەڵکو ئەوەی ئەو خوازیاریەتی ئەوەیە پێگەی ئەمریکا باشتر بێت بە بەراورد بە هێزەکانی دیکە لە جیهاندا. کەواتە ئەمە یەکێکە لە تەحەددییە سەرەکییەکان، واتە چۆنیەتی داڕشتنی گوتارێك کە تێیدا ئەمریکا ئەولەوییەتی یەکەم بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو خوازیاری کارکردنە لەگەڵ ناتۆ، دەیەوێت کار لەگەڵ عێراقدا بکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی داعش و ئێران و دۆخی سووریا.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین پاڵنەری زۆربەی بڕیارەکانی ترەمپ ئیعتیباراتە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیەتی؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام ئەمە دابڕان نییە لە سیاسەتی سەرۆکەکانی پێش خۆی، چونکە سەرۆکەکانی پێشووش ویستوویانە کار لەسەر پرسێك بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتەکەیان قەناعەت پێبکەن کە دووبارە متمانەی پێبکەنەوە، یان متمانە بە پارتەکەی بکەنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کار لەگەڵ هاوپەیمانە دەرەکییەکانی دەکات، مەبەستم ئەوەیە ئەمە سیاسەت و دیپلۆماسیەتێکی دوولایەنەیە، واتە لەلایەك کار لەسەر خەڵکی وڵاتەکەیان دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کۆشش دەکەن.

*** بەڵام لە سەرەتادا پێشبینی ئەوە دەکرا، دۆناڵد ترەمپ سیاسەتێکی گۆشەگیرانە پیادە بکات و لەبری خۆسەرقاڵکردن بە کێشە جیهانییەکانەوە، پتر تەرکیز لەسەر ناوخۆیی وڵاتەکەی بکات؟**

- من دەزانم هەندێ کەسی شارەزای بواری سیاسەتی دەرەوە ئەم بۆچوونەیان هەیە، بەڵام بە خوێندنەوەی من دۆناڵد ترەمپ بە ئاراستە و ئاقاری گۆشەگیریدا هەنگاو هەڵناگرێت، ئەگەر بەم شێوەیە کار بکات، ئەوا زیان بە ئەمریکا دەگەیەنێت، بەڵکو ئەو تەنیا دەیەوێت ئەمریکا بکاتە ئەولەوییەتی یەکەم.

*** بەڵام دۆناڵد ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە چیتر ئەمریکا خۆی سەرقاڵ ناکات بە بنیادنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسییەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیکردنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەمەی دووپات کردەوە، بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوەی نەبووە لە سیاسەتی

دەرەوەی ئیدارەکەیدا. بۆ نموونە لە ئەفغانستاندا ژمارەی هێزەکانی ئەمریکای لەو وڵاتەدا زیاد کرد، لە نێویاندا ئەرکەکانی بنیادنانی نەتەوە. بە هەمان شێوە لە عێراقیشدا ژمارەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی زیادکرد، لەگەڵ هاوکارییەکانی پەیوەست بە بنیادنانی نەتەوە و دەوڵەت و ژێرخانەوە. هەروەها ئەمریکا لە سووریادا بوونی هەیە. واتە راستە لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوە کرد کە پاشەکشە لەمانە دەکات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، گرتنەبەری سیاسەتێکی پێچەوانەوەیە بەو ئاماژەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت وێنای ئەوە بکەین کە ترەمپ بە تەواوەتی بکشێتەوە، ئەگەر هاتوو دۆخەکە بواری هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنەی دا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەلومەرجی عێراق و سووریا بەرەو سەقامگیری چوو. بە هەمان شێوە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئێستا جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە، کە ئێران بە کێشەیەکی گەورە دەزانێت، لەم روانگەیەوە ئەوا گومان دەکرێت ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە لە عێراق بکشێتەوە، چونکە ئەمریکا پێیوایە ئەگەر عێراق جێبهێڵێت، ئەوا ئێران باڵادەست دەبێت بەسەر ئەو وڵاتەدا، کە حاڵی حازر دەبینین، ئێران ئەم کارە لە رێی هەندێ گرووپەوە لە عێراقدا دەکات.

*** ئەی پێتوایە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ کاریگەری و تێڕوانینێکی لای هاوپەیمان و رکابەرەکانی لە ناوچەکەدا دروست کردووە؟**

- پێموایە ئیدارەی ترەمپ کارێکی زۆری کردووە بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی سعودیە و ئیسرائیل، کە هەنگاوی زەق لەم رووەوە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس- کە ئەمەش پرسێکە ناکۆکییەکی زۆری لەسەرە-، ئەم بڕیارەش گرنگییەکی رەمزی هەبوو بۆ پەیوەندیەکانی ئەمریکا بە ئیسرائیلەوە. بە هەمان شێوە یەکەم سەردانی بۆ سعودیە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوە بوو کە ئەمریکا پارێزگاری دەکات و درێژە بە هاوپەیمانێتییەکانی دەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە هەمان کاتدا ئەمە پەیامێك بوو بۆ رکابەرەکانی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی بۆ ئێران کە ئەمریکا پشتیوانی سعودیە و ئیسرائیل دەکات و هەر هێرشێك بۆ سەر ئەو دوو وڵاتە بە هێرشکردن بۆ سەر ئەمریکا لێکدەدرێتەوە. ئەمەش بەرپەرچدانەوەیەکی گەورە بوو لە دژی ئێران.

**ئەگەرچی پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی مووشەکە کیشوەربڕەکان لە ڕێککەوتنەکەدا بەروونی قەدەغە نەکراوە، بەڵام ئاماژەن بەوەی ئێران پەرە بە تەکنەلۆژیای سەربازی دەدات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی**

*** ئایا پێتوایە بڕیاری کشانەوەی ترەمپ لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، هەنگاوێکی دیکەیە و هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە؟**

- من پێموایە هۆکار و پاڵنەری ئەم بڕیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترەمپ متمانەی بەوە نییە کە ئەم رێککەوتنە رێگر بێت لەوەی ئێران پەرە بە توانا ئەتۆمییەکانی بدات، چونکە پێیوایە لە دوای تەواوبوونی ماوەی رێککەوتنە ئێران دەتوانێت لە ماوەی ٦ مانگ بۆ ساڵێکدا پەرە بە توانا ئەتۆمییەکانی بدات، بە ئەندازەیەك کە بتوانێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات. لەبەر ئەوە ترەمپ خوازیارە رێککەوتنێك لەگەڵ ئێراندا بکات، کە مەحاڵ بێت ئێران بتوانێت پەرە بە چەکی ئەتۆمی بدات. لەلایەکی دیکەوە ترەمپ پێیوایە ئەگەرچی ئێران لە روی رواڵەتییەوە پابەندە بە رێککەوتنەکەوە، بەڵام رۆحی رێککەوتنەکە پێشێل دەکات، واتە راستە رەنگە هەندێ کردەوەی ئێران رێگری لێنەکرابێت لەلایەن رێککەوتنەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژ بە رۆحی هاوکاریکردنن، بۆ نموونە، پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی هەندێ لە مووشەکە کیشوەربڕەکان، کە ئەگەرچی ئەمە بە روونی قەدەغە نەکراوە لە رێککەوتنەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەن بەوەی ئێران پەرە بە تەکنەلۆژیای سەربازی دەدات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی، مەبەستم ئەوەیە ترەمپ خوازیاری ئەوەیە ئێران ئەو کارانە نەکات — کە مەرج نییە پێشێلکردنی رێککەوتنە بن- کە دەبنەهۆی برەودان بە تەکنەلۆژیای سەربازی کە رەنگە دواتر سوودی لێوەربگیرێت و بەکار بهێنرێت لە بواری تەکنەلۆژیای ئەتۆمیدا، کاتێك ماوەی رێککەوتنەکە کۆتایی پێدێت.

**ئەگەرچی داعش تا ئەندازەیەکی گەورە تێکشکاوە، بەڵام پێموایە گرووپە هاوبیرو باوەڕەکانی داعش بەردەوام دەبەن و شوێنی دەگرنەوە، لە هەمان کاتدا داعشیش کار و چالاکییەکانی زیاتر دەکات لەو شوێنانەی کە لە دەستی داون**

*** بەڵام چی روودەدات ئەگەر ئێرانیش بڕیاریدا لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە و دووبارە دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، من نازانم لەو کاتەدا ترەمپ چ بڕیارێك دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئەمە لە بەرژەوەندی ئێراندا بێت، بەتایبەتی ئێران دەیەوێت خۆی لە سزا ئابوورییەکان رزگار بکات و ئێستاش لایەنەکانی دیکەی رێککەوتنەکە داوا لە ئێران دەکەن کە نەکشێتەوە و پەرە بە توانا ئەتۆمییەکان نەدات، چونکە لەو کاتەدا ئەوانیش دەچنە پاڵ ئەمریکا بۆ سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا. لە هەمان کاتدا ئێرانیش خوازیاری ئەوەیە لایەنەکانی دیکەی رێککەوتنەکە دەستبەرداری نەبن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی سووککردنی سزاکانی سەر وڵاتەکە، واتە رژێمی ئێرانیش لە درێژەپێدان بەم رێککەوتنەوە سوودمەندە. لەبەر ئەوە پێموانییە ئێران دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە، ئەگەرچی ئەمریکاش دەستەبەرداری بووە، چونکە ئەگەر دەست بەو پرۆگرامە بکاتەوە، ئەوا لەو کاتەدا ترەمپ لەسەر بنەمای زانیارییە هەواڵگرییەکان بڕیار دەدات، واتە ئایا زانیارییە هەواڵگرییەکان پێمان دەڵێن، ئێران سەرقاڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییە، یاخود توانا ئەتۆمییەکەی بۆ بواری وزە و ژێرخان بەکار دەهێنێت. من لەو باوەڕەدا نیم هیچ کەسێکی نێو ئیدارەکەی ترەمپ تەنیا لەسەر پێشێلکردنی رێککەوتنەکە خوازیاری شەڕ بێت لەگەڵ ئێراندا.

*** باست لەوەکرد کە لایەنەکانی دیکەی رێککەوتنەکە دەیانەوێت درێژەی پێبدەن، بەتایبەتی وڵاتە ئەوروپییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵوێستەی ئەوروپا چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا دەبێت؟**

- لە بواری سیاسەتی دەرەوە و ستراتیژیەتە گەورەکاندا دەبێت لە مەودای دوور بڕوانیت، واتە دەبێت لە شێوازە جێگیر و درێژخایەنەکانی سیاسەتکردنی وڵاتێك بڕوانیت، مەبەستم ئەوەیە کاتێك وڵاتێك سەرکردەیەکی پێشبینی نەکراوی دەبێت، یاخود لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسوکەوت ناکات، ئەوا وڵاتەکانی دیکە فەرامۆشی دەکەن و ئەمەش بە هەڵوێستێکی کاتی لەلایەن سەرکردەیەکی کاتییەوە لێکدەدەنەوە. لەبەر ئەوە پێموانییە خواستی ئەوەی هەبێت زیان بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی لە ئارادا بێت، چونکە ئەمە وەك سیاسەتی ترەمپ لێکدەدرێتەوە، نەك وەك سیاسەتی ئەمریکا. کە ئەمە لێدوانی راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا تێریزا مەی بوو، کە باسیان لەوە کرد، مەرج نییە سیاسەتی ترەمپ سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا بێت، لەبەر ئەوە پێموایە ئەوان چاوەڕوانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٢٠ دەکەن و ئەو کاتە بڕیار دەدەن، ئایا پێویستە تەواوی تێڕوانینی سیاسیی خۆیان لە ئاست ئەمریکادا بگۆڕن، یاخود ئەمە تەنیا سیاسەتی سەروەختی ترەمپ بووە و بە دوورکەوتنەوەی ترەمپ لە دەسەڵات هەمو شتێك دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. کە پێموایە لە ئێستادا زۆربەی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانمان پێیانوایە ئەمە تەنیا پەیوەستە بە خودی ترەمپەوە و هەر کاتێك ترەمپ لە دەسەڵاتدا نەما، ئیدی دوای خولی یەکەم بێت، یان دووەم، ئەوا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی سرووشتیی خۆی. لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و دووبارە ترەمپ هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا ئەمە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، لەبەر ئەوەی سیاسەتەکەی نزیکەی دەیەیەك دەخایەنێت. من ناڵێم ئەمە هەلومەرجێکی باشە، یان خراپە، بەڵکو ئەگەر جارێکی دیکە ترەمپ سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە لە گرتنەدەستی دەسەڵاتدا، ئەوا درێژەدان بەو هاوپەیمانێتییە زەحمەت دەبێت.



*** بەڵام ئایا دەتوانین لە ئێستادا بڵێین ئەمریکا سیاسەتێکی روون و هەمەلایەنی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا تا رادەی گۆڕینی رژێمی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی دوای بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنەکە؟**

- ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئیدارەی ترەمپ پرسی گۆڕینی رژێمی ئێرانی خستبێتە بەرباس، واتە پێموایە سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا گۆڕینی رژێمی ئەو وڵاتە بێت، یاخود پشتیوانیکردن بێت لە گۆڕینی رژێمی ئەو وڵاتە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەم رووەوە ئەوەیە ئێران بەردەوام بێت لە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە رێی هێزە وەکیلەکانییەوە لە سووریادا و بە

**ترەمپ پێیوایە ئەگەرچی ئێران لە روی رواڵەتییەوە پابەندە بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام رۆحی ڕێککەوتنەکە پێشێل دەکات**

دڵنیاییەوە لە ڕێی حزبوڵاوە لە لوبنان. ئەو کاتەش ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە کە ئێران بکەوێتە شەڕێکی گەورەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا کە ئێستا ئەمە نیگەرانی گەورەی ئەمریکایە، ئەو کاتەش ئەمریکا مەیلی هاوکاریکردنی بۆ ئیسرائیل دروست دەبێت بۆ گۆڕینی رژێمی لە ئێران و تەنانەت رەنگە لەو دۆخەکە ئەمریکا هێزی سەربازی پیادەش بەکار بهێنێت. کەواتە ئەوەی من نیگەران دەکات، ئەوەیە ئێران بەردەوام بێت لە هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل و ئەو کاتەش ئەمریکا کردەوەی تۆڵەکردنەوەی ئەنجام بدات. بەڵام پێموانیە ئەمریکا هێرشێکی ئیستیباقی بکاتەسەر ئێران بە چەشنی ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٣دا لە دژی عێراق کردی، بەڵام ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە کارە دوژمنکارییەکانی بەرامبەر ئیسرائیل، رەنگە ئەمە ببێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا سیاسەتی گۆڕینی رژێم لە ئێران بگرێتەبەر.

*** کەواتە پێتوایە ئێستا ئەمریکا و ئێران لە سەر ڕێڕەوی پێکدادانن؟**

- بەڵێ، پێموایە ئێمە لەسەر ڕێڕەوی پێکدادانن، چونکە ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لەسەر بنیادنانی ژێرخانێکی سەربازی لە سووریا و هێرشکردنەسەر ئیسرائیل لە ڕێی وەکیلەکانی لە سووریا، یان حزبوڵا لە لوبنانەوە، ئەوا زەحمەتە نەتوانین وێنای شەڕێك یاخود بەلای کەمەوە شەڕێکی بەوەکالەت بکەین لە نێوانی ئێران و ئەمریکا لە سووریا، یان لە عێراقدا، ئەمەش دۆخێکی هاوشێوەی شەڕی سارد دروست بکات، کە لەو کاتە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێی وەکیلەکانیانەوە دەیانکرد. واتە من پێموانییە شەڕێکی سەرتاسەری، یان شەڕێکی تەقلیدی بێت لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە رووداوێکی کارەساتبار لە ئیسرائیل رووبدات. کەواتە من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو دوو وڵاتە لە ڕێڕەوی پێکدادانداندان لە رووی پەنابردنەبەر شەڕی بەوەکالەتەوە.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە ئێران کرد کە بە تەواوەتی هێزەکانی لە سووریا بکێشێتەوە، ئایا پێتوایە ئەمە سیاسەتێکی واقیعبینانە و قابیلی بەدەست هێنان بێت؟**

- من پێموانییە ئەوە قابیلی بەدەستهێنان بێت، ئەگەر بێت و بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێت، پێموایە لە ئێستاشدا بەداخەوە ڕێگای بەدەستهێنانی سەقامگیری لە سووریادا مانەوەی ئەسەدە لە دەسەڵاتدا، کە ئاشکراشە رووسیا و ئەمریکاش دەیانەوێت سەقامگیری لە سووریادا بێتەدی و ئەسەدیش بەردەوام دەبێت لە ڕێگەدان بە مانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا. کەواتە تاوەکو ئەمریکا گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سیاسەتیدا نەکات لە ئاست سووریادا- کە ئێستا سیاسەتەکەی ئەوەیە ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە- و بڕیار نەدات پشتیوانی گرووپەکانی دیکە بکات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەوا پێموا نییە بتوانرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئێران لە سووریا دەربکرێت. کەواتە کارێکی تەواو ناواقیعبینانەیە ئەگەر بێت و ئیدارەی ترەمپ بیەوێت ئێران بە تەواوەتی لە سووریا بکشێتەوە. لە هەمان کاتدا پێموانییە بوونی ئێران لە سووریا لە هەموو حاڵەتێکدا ببێتەوە هۆی دروستبوونی پێکدادان لەگەڵ ئەمریکادا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێران چالاکانە هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات.

**ئێستا جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە، کە ئێران بە کێشەیەکی گەورە دەزانێت، لەم روانگەیەوە ئەوا گومان دەکرێت ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە لە عێراق بکشێتەوە**

*** پێشبینیەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- بە داخەوە پێم وانییە دۆخەکە بەرەو ئاشتی بڕوات، پێموایە شەڕی بەوەکالەتی ئێران و سعودیە لە یەمەندا بەردەوام دەبێت، هەروەها سووریاش بەردەوام دەبێت وەك گۆڕەپانێکی گەورەی شەڕ لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا، بە هەمان شێوە، ئەگەرچی داعش تا ئەندازەیەکی گەورە تێکشکاوە، بەڵام پێموایە گرووپە هاوبیرو باوەڕەکانی داعش بەردەوام دەبەن و شوێنی دەگرنەوە، لە هەمان کاتدا داعشیش کار و چالاکییەکانی زیاتر دەکات لەو شوێنانەی کە لە دەستی داون. پرسیاری گەورەش لای من کە مایەی نیگەرانییە ئەوەیە ئایا ئیسرائیل چۆن ئیدارەی دۆخەکە دەکات، لە کاتێکدا رووبەڕووی فشاری زیاتر دەبێتەوە لەلایەن حزبوڵا و حەمماسەوە، ئەگەر بێت و ئەم دوو لایەنە بەردەوام بن لە کاری تیرۆریستی لە دژی ئیسرائیل، ئایا کاردانەوەی ئیسرائیل چی دەبێت؟و ئایا ئەمە سەرەدەکێشێت بۆ ناکۆکیەکی گەورەتر کە لوبنانیش بگرێتەوە و تێیدا ئیسرائیل هێرش بکاتەسەر هێزەکانی حزبوڵا لەو وڵاتەدا.




دیمانەی تایبەت

## ڕۆجەر پیتەرسۆن

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# بیرۆکەی جۆن بۆڵتۆن ئەوەیە فشارەکانی سەر ئێران زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ بتەقێتەوە

ڕۆجەر پیتەرسۆن پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە ئامۆژگای تەقەنی ماساشوستس، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی گرنگی وەك زانکۆی نۆرسوێستێرن و زانکۆی ئیلینویس-شیکاگۆ. شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی بەراوردکاری و دیراساتی ئەمنی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد لەبارەی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە ئاست ئێران و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنت بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە بتوانین ئەمە یەکلا بکەینەوە، چونکە ترەمپ سیاسەتێکی روون و گشتگیری نییە، بە دڵنیاییەوە کێشەی کۆریای باکوور یەکێکە لە پرسە گرنگەکان کە ئەم ئیدارەیە پێیەوە سەرقاڵە. هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی چیندا گرنگییەکی گەورەی هەیە. چونکە ئێمە دەزانین پێنج ساڵ بەر لە ئێستا سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا باراك ئۆباما ویستی پتر تەرکیز لەسەر چین بکات و وردە وردە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە. ئەگەرچی ئێمە نەمانتوانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشە بکەین. کەواتە دوولایەن هەن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکادا، بایەخدان بە رۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەروەك ئاماژەم پێکرد، باراك ئۆباما خوازیاری کشانەوە بوو لەم ناوچەیە. بەڵام ئیدارەی ترەمپ نایەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوەو بگرە هەندێ لە کەسایەتییەکانی نێو ئیدارەکەی ترەمپ دەیانەوێت درێژە بە شەڕ بدەن لە دژی ئێران کە ئەوان وەك دوژمنێکی گەورەی ئەمریکا سەیری ئەو وڵاتە دەکەن. لایەنی دووەمیش پەیوەستە بە ناوخۆوە.

*** کەواتە پێتوایە سیاسەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران چی دەبێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئێران و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە هەبێت، ئەوەیە کە من دڵنیا نیم ئایا پرسی ئێران بە کوێ دەگات، دواتر دەبێت لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ئەوە یەکلا بکرێتەوە کە ئایا ئێران دوژمنە، یاخود وڵاتێکە دەکرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، کە ئێمە دەزانین تێڕوانین و دیدگای مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە و جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە ئێران دوژمنە، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دواتر ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو وڵاتەش هەڵوێستی خۆی یەکلا بکاتەوە، ئایا وەك دەوڵەتێکی ئاسایی مامەڵە دەکات و سوود لەو هەلومەرجانە وەردەگرێت کە لە وڵاتانی دەوروبەردا روودەدەن، یاخود ئەمە دەکاتە دەرفەتێك بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانی بۆ باڵادەستبوون بەسەر ئەو وڵاتانەدا. بۆ نموونە لە ئێستادا و لە پەیوەندی بە عێراقەوە پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئێران دەیەوێت لە رێی بەکارهێنانی گرووپەکانی حەشدی شەعبییەوە هەوڵی باڵادەستبوون بەسەر عێراقدا بدات؟ ئایا تا چ ئەندازەیەکیش ئەمریکا ئامادەیی هەیە کە لە دژی ئەو گرووپانە بوەستێتەوە؟ ئێستاش دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە لە عێراق و بردنەوەی لیستەکەی موقتەدا ئەل سەدر، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئامادەین سەدر قبووڵ بکەین وەك کەسایەتیەك کە دژی دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی ئێرانە- ئەگەرچی پێشتر موقتەدا ئەل سەدر سەربازی ئەمریکی کوشتووە و چەندین کێشە و گرفتی خوڵقاندووە- و رەنگە ئەمریکاش هەوڵی ئەوە بدات کە هاوپەیمانێتیەك دروست بێت لە نێوان سەدر و حەیدەر عەبادی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران.

*** ئایا ئەمە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش راستە، وەك لوبنان بۆ نموونە؟**

- راستە، ئەوەتا لە ئێستادا هەندێ کەس ئاماژە بەوە دەکەن کە لوبنان لەلایەن حزبوڵاوە کۆنترۆڵ کراوە و حزبوڵاش بە تەواوەتی لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە، کەواتە بەو شێوەیە بێت، ئەوا لوبنان بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی ئێرانەوە و ئەمە بۆ عێراقیش راستە، ئەگەرچی هەندێ کەس هاوڕانین و پێیانوایە تەنانەت لە نێو شیعەکانی عێراقیشدا هەستی دژ بە ئێران بوونی هەیە.

*** باست لەوە کرد کە ئێستا تێڕوانینی زاڵی نێو ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە وەك دوژمن لە ئێران بڕوانرێت، ئایا پێتوایە هەر ئەمەش هۆکار و پاڵنەری کشانەوەی ئەمریکا بوو لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە ئێران بە دوژمن دادەنرێت لەلایەن هەندێ کەسی نێو ئەمریکاوە، بە هەمان شێوە هەندێ وڵاتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وەك دوژمن لە ئێران دەڕوانن، بۆ نموونە هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیسڕائیل لەم ناوچەیەدا وەك دوژمنێکی درێژخایەن سەیری ئێران دەکەن، لە ئەمریکاش مایك پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتۆن لەم بەرەیەدان و هەمان تێڕوانینیان هەیە، تەنانەت رەنگە بۆڵتۆن خوازیاری رووخاندنی رژێمی ئێران بێت، واتە پێیوایە چارەسەرەکە لەگەڵ ئێراندا

**تێڕوانینی ئیدارەی ئۆباما ئەوە بوو کە پێویستە هاوسەنگییەک بکرێت لە نێوان سوننە و سعودیە لەلایەک و ئێران و شیعەکان لەلایەکی دیکەوە**

**بۆڵتۆن خوازیاری رووخاندنی رژێمی ئێرانە و پێیوایە چارەسەرەکە لەگەڵ ئێراندا لەوەدا بەرجەستە نابێت کە رێککەوتنی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت کار لەسەر گۆڕینی رژێمی ئێرانی بکرێت**

لەوەدا بەرجەستە نابێت کە ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت کار لەسەر گۆڕینی ڕژێمی ئێرانی بکرێت کە زۆر کەس لەگەڵیدا هاوڕا نییە.

*** بەڵام پێتوانییە ئێرانیش کاردانەوەی دەبێت، ئەگەری هاتوو ئیدارەی ئەمریکا بەردەوام بوو لە زیادکردنی فشارەکانی بۆ سەر ئەو وڵاتە و ئایا ئەگەری ئەوە لەئارادا نابێت ئێران دۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات بەتایبەتی لە سووریادا؟**

- بەڵێ، ئەمە چاوەڕێ دەکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئێران دۆخەکە بەرەو هەڵکشان دەبات، هەرچۆنێك بێت، ئێران سەرچاوە و ئامرازی زۆری لەبەردەستدایە، ئێران دراوسێی عێراقە و ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا وڵاتێکی دوورەدەستە بۆ عێراق. کەواتە ئێران هێز و دەستڕۆیشتوویی هەیە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و گرووپەکانی نێو وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە، بەڵام ئایا تا چ رادەیەك ئێران ئەم هێز و سەرچاوانەی بەردەستی بەکار دەهێنێت، ئەوا من دڵنیا نیم.

*** باشە پێتوایە جیاوازی تێڕوانینی هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە نێو ئیدارەی ترەمپدا کەسانی وەك مایك پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتۆن هەن، پۆمپیۆ وەك وەزیری دەرەوە و بۆڵتۆن وەك راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەڵوێستی توندیان هەبووە و هەیە لە ئاست ئێراندا و تەنانەت بۆڵتۆن لەگەڵ ئەوەدایە کە رژێمی ئێران بگۆڕدرێت، هەروەك ئەوەی باسی لە گۆڕینی رژێمی سەددام حوسێن دەکرد لە عێراقدا. کەواتە ئەگەر کەسانێکی لەم چەشنە لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا بن، ئەوا نازانم چۆن دەکرێت ڕێککەوتن بکەن. ئەمە لە کاتێکدا دیدگا و تێڕوانینی ئیدارەی ئۆباما ئەوە بوو کە پێویستە هاوسەنگییەك بکرێت لە نێوان سوننە و سعودیە لەلایەك و ئێران و شیعەکان لەلایەکی دیکەوە، واتە باوەڕی بە بوونی هاوسەنگییەکی هێز هەبوو لەسەر ئاستی ناوچەکە، ئەمەش تێڕوانینێك بوو، ئەوەی رەچاو دەکرد کە ئێران هێزێکە و ئەوەی لەبەرچاو دەگرت کە سعودیەش هێزێکی ناوچەییە. ئەمە لە کاتێکدا ئیدارەی ترەمپ پتر توندە لە ئاست ئێراندا و هەڵوێستەکانی پتر پشتیوانین بۆ نەتنیاهۆ و بۆ ئیسرائیل وەك بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس.

*** باشە پێتوایە ئیدارەی ترەمپ بە چ شێوەیەك سیاسەتی گۆڕینی رژێمی ئێرانی پیادەدەکات؟ ئایا لە رووی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، یاخود فشارەکانی سەر ئەو وڵاتە زیاتر دەکات، بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا بتەقێتەوە؟**

- بیرۆکەی جۆن بۆڵتۆن ئەوەیە کە دەبێت سزا بەسەر ئێراندا بسەپێنرێت و فشارەکانی لەسەر زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بتەقێتەوە. من مەزەندەی ئەوە ناکەم لە ڕێی هێرشی سەربازییەوە بیانەوێت ئەم ئامانجە بەدی بهێنن. چونکە ئەوان پێیانوایە دۆخەکە لە ئێراندا لەبارە بۆ گۆڕانکاری. بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە ئەگەر فشاری زیاتر بخەیتەسەر ئێران، ئەوا بەرە و پێگەی توندڕەوەکانی ئەو وڵاتە بەهێزتر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و ئێران پەنا بباتەبەر کاری تۆڵەسەندنەوە، بۆ نموونە لە سووریا، ئەوا رەنگە ئەمریکاش کاردانەوەی هەبێت و ئەو کاتە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت. هەرچۆنێك بێت، پێموایە لە مەودای نزیك و مامناوەند، ئەوا پەنا بۆ زیادکردنی فشار و سزاکانی سەر ئێران دەبەن.

*** ئەی پێتوایە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا بەرەو کوێ دەچن، بەتایبەتی کە ئێستا هەڵوێستی هەردوولا جیاوازە لە ئاست پابەندبوون بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا؟**

- ئەمەش زەحمەتە بتوانین پێشبینی بکەین، چونکە ئاشکرایە هەندێ وڵاتی ئەورووپی خوازیاری درێژەپێدانی ڕێککەوتنەکەن و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئەگەر کۆمپانیا ئەورووپییەکان بەردەوام بن لەسەر کارکردن لە ئێراندا و ئەمریکاش سزا، یان ڕێکاری دیکەی بەسەردا سەپاندن، ئایا ئەوان ئامادەن ئەم باجە بدەن؟ ئایا ئەمریکاش سیاسەتێکی جێگیری دەبێت لە رووی کاردانەوە لە ئاست ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت بەردەوام بن لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە؟ هەروەها ئایا یەکێتی ئەورووپاش هاوهەڵوێست دەبێت بۆ ئەوەی رووی ئەمریکا بوەستنەوە لەبارەی ئەم پرسەوە و بەرەیەکی هاوبەش دروست بکەن بۆ درێژەدان بە ڕێککەوتنەکە؟ من وەڵامم بۆ هیچ یەکێك لەم پرسیارانە پێ نییە، بەڵام ئەوەی دەتوانرێت بوترێت، ئەوەیە کە ئەورووپییەکان زۆر یەکگرتوو نین و چەندین کێشەی ناوخۆییان هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە لە دۆخێکی ناسەقامگیردایین لەم رووەوە.

**لوبنان بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی ئێرانەوە و ئەمە بۆ عێراقیش راستە، ئەگەرچی هەندێ کەس هاوڕانین و پێیانوایە تەنانەت لە نێو شیعەکانی عێراقیشدا هەستی دژ بە ئێران بوونی هەیە**

**هەندێ لە کەسایەتییەکانی نێو ئیدارەکەی ترەمپ دەیانەوێت درێژە بە شەڕ بدەن لە دژی ئێران کە ئەوان وەک دوژمنێکی گەورەی ئەمریکا سەیری ئەو وڵاتە دەکەن**



سەعید سیسۆ رەشۆ رۆشنبیری کوردی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# دەنگێکی زۆری شنگالییەکان پووچەڵ کراونەتەوەو ئەوەش ئێمەی نیگەران کردووە

**سەعید سیسۆ رەشۆ رۆشنبیری کوردی ئێزیدی لە میانەی لێدوانێکیدا بۆ گوڵان ئاماژە بە چەند پرسێك دەكات، بەتایبەت پرسی ئەو دەنگانەی شنگال کە پووچەڵ کراونەتەوە، هەروەها باس لەوە دەكات کە سەرەڕای ئەوانەش بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، بە هەمان شێوە باس لە داخوازی و چاوەڕوانییەکانی ئێزیدییەکان لە پارتی دەكات.**

سەعید سیسۆ رەشۆ رۆشنبیری کوردی ئێزیدی، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەڵێت: «دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پار دۆخێکی نالەبار بۆ ناوچە دابڕێندراو و داگیرکراوەکان دروست بوو، کە بە داخەوە لە ئەنجامی خیانەتی چەند کوردێك هەندێ ناوچەمان لە دەستدا. ئێمە هیچ بڕوایەکمان بە عێراقیبون نەماوە، چونکە هیچ شتێك بۆ کورد ناکرێت جگە لە دژایەتیکردنی، بەڵام وەك تەحەددایەك و لەسەر داوای سەرکردایەتی کوردستان بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، بەڵام بەداخەوە دەنگێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە بەتایبەتی لە شنگال پووچەڵ کرانەوە لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەی پێی دەڵێن سەربەخۆ کە هیچ سەربەخۆ نییە. ئەمەش نیگەرانیی ئێزیدیەکانی لێکەوتەوە. هۆکارێکی دیکەش زۆربوونی کاندیدەکانی نێو جڤاکی ئێزیدی بوو، تەنانەت کاندیدەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنی کاریگەرە لەم ناوچەیەدا، ئەوە بوو لە ئەنجامدا هیچ کاندیدێکمان لە شنگال دەرنەچوون. ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونیشمان بۆ ئەم کەیسە دەبیستین کە رێککەوتنی سیاسی لەسەر ئەو دەنگانە کراوە، واتە لە ئەنجامی ئەو رێککەوتنە سیاسییەدا زۆرێك لە دەنگەکان هەژمار نەکراون. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش پارتی دەنگێکی زۆری بەدەست هێنا لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە ئەمە ببووە تەحەددا لای خەڵکی ئێمە، لەبەر ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکرا کە پارتی نەماوە و دەیانوت ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە پارتی داوای یەك لیستی دەکات لە ناوچە دابڕێنراوەکان، لە دەرئەنجامدا لایەنگر و ئەندام و کادیرانی پارتی بەشدارییەکی کارایان کرد و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی قورسایی راستەقینەی پارتی دەربخەن، ئەگەرچی من پێموایە قورسایی پارتی لەوەش زیاترە، چونکە پارتی لە کەرکووك بەشداری نەکرد و لە شوێنی دیکەش رێگری لێکرا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە ئاشکرایە کە پارتی حزبێکی نەتەوەییە و هیچ کاتێك سازش لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان ناکات و خەباتیشی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدایە، نەك وەك هەندێ لایەن تەنیا بۆ بەرژەوەندیی کاتی و دەستکەوتی حزبی کار دەکەن، واتە پارتی حزبی میللەتە نەك حزبی چەند کەسانێك، یان چەند بەرژەوەندییەك. دواتر پارتی لە خەمی پاراستنی پێکەوەژیان و برایەتیدا بووە، بگرە هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی تا ئێستا کاری بۆ داڕشتنی بناغەی ئەم پێکەوەژیانە کردووە، کە جەنابی مەلا مستەفا پەرەی پێداو ئێستاش کاك مسعود بە هەموو هێزی خۆیەوە لەسەر ئەم هێڵە کار دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو برایەتییە و خەڵکیش ئەم راستییە دەزانن و کاتێك دەچنە سەر سندوقی دەنگدان دەزانن دەنگ بە چ لایەنێك دەدەن.»

سەبارەت بە دۆخی ئێزیدییەکانیش دەڵێت: «ئێمە دەزانین لە سەردەمی حوکمڕانیی رووخاوی بەعسەوە، سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان پشتیوانییەکی بەهێزیان لە ناوچەکەی ئێمە دەکرد، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئێزیدییەکانی شنگال و شێخان و شوێنەکانی دیکە پەیوەندی بە رێزەکانی شۆڕشەوە بکەن و شەهیدیان هەبێت، کە نموونەی هەر بەرزیان شەهید مەحمود ئێزیدی بوو. کەواتە بەدڵنیاییەوە ئێزیدی وەك پێکهاتەیەکی رەسەنی کوردستان رۆڵی خۆی هەیە لە کوردستاندا. بەڵام لێرەدا پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە خوازیارین بە گوێرەی دانیشتوزانی ئێزیدی پۆستمان پێبدرێت، چونکە هەست دەکەین لە رووی ئیداری و سەربازییەوە وەك پێویست پۆست بە ئێزیدی نەدراوە لە کوردستان – کە ماڵی خۆمانە- و پاشان لە بەغدا. ئێستاش کە هەڵبژاردنەکان کراوە و ئەنجامەکان ئاشکرا کراون، ئەوا پێویستە بە یەکگرتوویی بچینە بەغدا و یەك گوتارمان هەبێت، چونکە بە دڵنیاییەوە بەم شێوەیە دەستکەوتی زیاتر بەدەست دەهێنین، واتە پێویستە ناکۆکی و جیاوازیی حزبی جێبهێڵن و لە بەغدا کوردانە خەبات بکەین. لە کۆتاییشدا و بۆ دڵخۆشکردنی کوردانی ئێزیدی کە دەنگێکی زۆریان فەوتێنراوە، ئەوا وەك رۆشنبیرێکی ئێزیدی داوا لە سەرکردایەتی پارتی دەکەم کە ئێمە خوشکێکمان هەیە لە بازنەی دهۆك کە ئیحتیاتی یەکەم و نزیکەی ١٣ هەزار دەنگی هێناوە بچێتە پەرلەمانی عێراق، ئەویش وەك لەبەرچاوگرتنی هەستی کوردانی ئێزیدی و سارێژکردنی برینەکانیان لە شنگال کە دەنگەکانیان فەوتاون.»

# بەنداڤا ئەلیسو



د.بێوار خنسی
شیرەتکارێ ئاسایشا ئابوری یا پاراستنا هەرێما کوردستانێ

■ تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە


DSI

**مەبەستا پروژێ گاپ وەکو حکومەتا تورکیا دبێژیت بو (ئاڤەدانکرن وپێشخستنا وێ دەڤەرێ بو پەیداکرنا ژیانەکا خوش بو خەلکێ وان پارێزگەها وخەلکێ ترکیا)، لێ وەکو دیار ئارمانجا وان (گوهرینا جیوغرافی ودیموغرافیا وان (٩) پارێزگەهێن کوردیە)**

**تورکیا کاری دکەت لسەر پروژێ (بوریا ئاشتیا تورکی- انبوب السلام الترکی) بو ڤەگوهاستنا ئاڤێ بو وەلاتێن(سوریا، لبنان، ئیسرائیل سعودیێ وەلاتێن دیترێن کەنداڤی)، پروژێ (انبوب السلام الترکی) نێزیکی ٦٥٠٠ کیلومترا یێ درێژە**

### ● پروژێ گاپ – پروژێ باشورا روژ هەلاتا ئەنازولێ چیە؟

پروژێ گاپ: ئەڤ پروژە ٩ پاریزگەهێن کوردی لخوڤە دگریت (ل ئەدەنە تا شەرنەخ) د حەوزا رویبارێن دجلە وفوراتێدا، بەرێ وێ دگەهتە (٧٥٣٨٥ کم٢)، کو دکەتە (٩,٧٪)ژ خاکا ترکیا و٢٠٪ ژ ئەردێ چاندنی). مەبەستا پروژێ گاپ وەکو حکومەتا تورکیا دبێژیت بو (ئاڤەدانکرن وپێشخستنا وێ دەڤەرێ بو پەیداکرنا ژیانەکا خوش بو خەلکێ وان پارێزگەها وخەلکێ ترکیا)، لێ وەکو دیار ئارمانجا وان (گوهرینا جیوغرافی ودیموغرافیا وان (٩) پارێزگەهێن کوردیە).

### ● ئارمانجا پروژێ گاپ:

ئارمانجا سەرەکیا حکومەتا تورکیا ئەوە بو(کارهینانا ئاڤێ وەکو کەرستەکێ بازرگانی بکەنە چەکەکی ئیستراتیجی بو خورتکردن وبەرفرەهکرنا رولێ تورکیا بو ئارمانجێن رامیاری و ئابوری ولەشکەری) و بو زالبونێ لسەر وەلاتێن دەڤەرا روژهەلاتا ناڤین دا، داکو خەونا حوکمێ (ئیمبراتوریا عوسمانی) ب شێوازەکێ دیتر بزڤریننەڤە،پشتی حکومەتێن تورکی بێزار بووین ل هەولێن ئەندامبونا تورکیا دناڤ رێزا (وەلاتێن ئێکەتیا ئەوروپی) دا .

بو مەبەستا ڤێ چەندێ گوهرینەکا مەزن بسەر وان (٩) پارێزگەهاڤەهاتیە کرن ب رێکا خەرجکرنا ٣٢ ملیار دولارا بو دانانا (٢٢ بەنداڤانا، کو پتر ژ ١٠٠ ملیار کم٣ ئاڤا رویبارێن دجلە وفوراتێ تێدا بێنە عەمبارکردن،و دانانا ١٩ ئیزگەهێن کارەبێ بو بەرهەمئینانا ٧٤٦٧ میگاواتێن کارەبێ، پروژێ ئاڤدان و چاندنێ ١٧٠٠٠ کم٢ بخوڤە دگریت،و دانانا ٩ فروکەخانا وچەندین پروژێن دیترێن پیشەسازی و گەشتوگوزاری و کولتوری ودیروکی وخواندنێ بێنە دانان، وقازانچ کرن ل (سامانێن سروشتێن هەم جور) ل وان دەڤەرێن کوردی.

هەروەسا، تورکیا کاری دکەت لسەر پروژێ (بوریا ئاشتیا تورکی- انبوب السلام الترکی) بو ڤەگوهاستنا ئاڤێ بو وەلاتێن(سوریا، لبنان، ئیسرائیل سعودیێ وەلاتێن دیترێن کەنداڤی)، پروژێ (انبوب السلام الترکی) نێزیکی ٦٥٠٠ کیلومترا یێ درێژە، بو ڤەگوهاستنا ٧٥٠ هزار م٣ ئاڤێ/ روژێدا، خەرجیا دانانا وێ ١٢ ملیار دولار دکەن. تورکیا هەول دەت کو چ هەڤرك و بەدیلێن دیتر بێن پروژێن ڤەگوهاستنا ئاڤێ، وەکو پروژێن (لبنانی، مسری،ئیرانی) سەرنەکەڤن ونوبنە ئاستەنگ وبەدیلێت پروژێ بوریا ئاشتیا تورکی.

### ● کورتیەك لسەر دیروکا پروژێ گاپ:

دیروکا پروژێ گاپ چەندە قویناغ برینە تا بویە پروژەیەکێ فەرمی، ودیروکا دەستپێکردنا وان قویناغا دزڤریتە سالا ١٩٣٦ ب دانانا کومپانیا کارەبێ ل تورکیا، دەستپێکردنا مەسحا جیولوجی وتوبوغرافیا خاکا ترکیا، ودانانا رێڤەبەریا گشتیا ئاڤێ لسالا ١٩٥٤ و پارچەکردنا خاکێ تورکیا لسالا ١٩٦١بو ٢٦ کوم- حەوزێن ئاڤێ، ودانانا رێڤەبەریا پلاندانا رویبارێ فورات، لسالێن دناڤبەرا ١٩٦٤تا ١٩٦٦بەلاڤکرنا راپورتا لسەر رویبارێ دجلە وفورات بو مەبەستا قازانج کردن ل وان هەردوو رویبارا بو دابینکردنا ئاڤێ بو چاندنێ و وزا کارەبێ.

لسالا ١٩٧٧ راگەهاندنا پروژێ گاپ ب فەرمی، ل ١٩٨٦/١١/٩ ئاڤاکرنا رێڤەبەریا پێشکەتنا دەڤەرا باشورا روژهەلاتا ئانازولی لژێر رێڤەبەریا سەروکێ حکومەتا تورکیا، و پاش دانانا وەزیرەکێ تایبەت بو رێڤەبەریا پروژێ گاپ.

### ● بەنداڤا ئەلیسو:

ئەڤ بەنداڤە دکەفتە سەر رویبارێ دجلە لپارێزگەها مێردینێ، نێزیکی ٤٥ کیلومترا باکورێ توخیبێ تورکیا وسوریا وئێراقێیە. دیروکا ڤی بەنداڤی دزڤریتە سالا ١٩٥٤، و هاتیە بلند کردن لسالا ١٩٩٧ بو بو رێڤەبەریا پروژێ گاپ، ل ٢٠٠٢/٨/٥ بەرێ بنیاتێ دانانا بەنداڤا ئەلیسو هاتە دانان.

تایبەتمەندێین بەنداڤا ئەلیسو: بلندیا وێ دکەفتە (٥٢٥) مترا بلندتر ل ئاستێ دەریا. بلندیا دیوار سکرێ ئەلیسو دگەهتە (١٣٥) مترا وسەنگاتنا وێ (٤٣٩٩) ملیون مترێن سێگوشەنە – م٣ کەرستانە،پانیا بنێ سکری (٦١٠) متر وپانیا سەری (١٥) متر، قەبارا ئاڤا تێدا بێتە عەمبارکردن دگەهتە ( ١٠,٤ ملیارم٣)، ل وێ قەبارا عەمبارکری سالانە (٧,٤٦٠ ملیار م٣) دێ هێنە بکارئینان و( ٢,٩٥٠ ملیار م٣) ئاڤا (خزن المیت). بەنداڤی ٨ دەرگەهێت کونترولێ لێ هەنە، ونێزیکی ( ٣٠٠ کم٢) ل رەخ روێین رویبارێ دجلە دکەڤنە بن ئاڤێدت (ل چەما و گوندا وشوینوارێن دیروکی- وەکو شوینوارێن حسن کیف) .خەرجیێ ئاڤاکرنا سکرێ ئەلیسو نێزیکی ١,٥٥ ملیار دولار بوینە.

### ● شوپا نەرێنیا بەنداڤا ئەلیسو:

#### ا) لسەر ئاستێ تورکیا:

١) فشارا چڤات ورێکخراوێن (مافێ مروڤا، ژینگەهێ،شارستانی، مشەخت بوونا مروڤا، نغروبونا سەدان گوند وچەما وجهێن شوینواری، نەخاسمە

شوینوارێن(حسن کیف) شارستانیا ئیمبراتورێن ئاشوری ورومانی وعوسمانی).مشەخت بونا پتر ژ مالێن (٥٠٠٠) هزار خێزانا ل وان جهێن دکەڤنە بن ئاڤا سکرێ ئەلیسو.

٢) راگرتنا پشتەڤانیا نێڤدەولەتی، وتایبەت پشتەڤانیا وەلاتێن ئێکەتیا ئەورووپی (ئیتالیا، نەمسا، فرەنسا، ئەلمانیا) بو دانا قەرزێن پارەی بو ئاڤاکردنا بەنداڤا ئەلیسو. لبەر فشارێن رێکخراو وپارتێن سیاسی، وئیهمال کرنا حکوماتێن تورکی ل پروتوکول و پەیمان و رێنماییێن جیهانی لسەر شێواز ومەرج ومافێن کارهینانا ئاڤا رویبارێن دەولی، کو بەرژەوەندیێن گشتێن وەلاتێن پشکدار بو کارهینانا ئاڤا رویبارێێن نێڤدەولەتی، و رویبارێن دجلە وفورات ژ نمونێن رویبارێن ناڤدەولەتینە.

٣) دژاتیا خەلکێ کوردستانا باکور وپارتێن سیاسی و جڤاتێن باژێرڤانیا ورێکخراوێن سڤیلێن کوردستانی وتورکی .

٤) ئاڤاکرنا بەنداڤا ئەلیسو لسەر شێوازێ نوکە هاتیەدانان، دێ بیتە هویا (خورتبونا ئاستێ لەرزین- هژاندنا ئەردی ل روخ رویێن حەوزا سکرێ ئەلیسوی .ئەڤ ترسە زورا ترسناکە لسەر ئاکنجیێن دکەڤنە باشورێ بەنداڤێ، نەخاسمە ل دەمێن ئاڤ رابونا(زڤستان و بهارا)،تایبەت دناڤبەرا ( ١٥ ئادارێ تا ١٥ گولانێ) کو رویبارێ دجلە زور جارا ئاڤ رابوینە وبوینە هوویا ئاڤرابونا(ودیروکا ئاڤ رابونێت دجلە وفوراتی ڤێ راستیێ دیاردکەن).

٥) هەبونا هێزێن چەکدار ل باکورێ کوردستانێ - باشورا تورکیا، ئەوێن دژی ئاڤاکرنا پروژێن حکومەتا تورکیا ل کوردستانا باکور تێتە نیاسین وەکو گەفەکا زورا ترسناك لسەر بەنداڤێن حەوزا دجلە وفوراتێ، ل وان ژی لسەر بەنداڤا ئەلیسو.یا هەژی گوتنێیە، کو ل سالێن حوکمێ تورکوت ئوزالی دا، هاتبو پێشنیار کرن کو (تورکیا سالانە دێ ١٢ ملیارم٣ ئاڤێ دەتە سوریا بەرامبەری راگرتنا هاریکاری وپشتەڤانیا حکومەتا سوری بو پارتا کرێکارێن کوردستانێ .

**ب) لسەر ئاستێ ئێراقێ:**

١-کێم کرنا قەبارا ئاڤا رویبارێ دجلەی رێژا (٦٠٪) ئەڤە بویە هوویا کێم بوونا ئاڤا سکرێ میسل پشتی دستپێکا پەنگاندنا سکرێ ئەلیسو ل مەها ئادارا بوریدا تا نوکە یا بەردەوامە، بویە هوویا کیم بوونا ئاڤا سکرێ میسل ب قەبارا پتر ژ ٣ ملیار م٣ ئاڤێ. بو نمونە پار ڤی دەمیدا نێزیکی ٨ ملیار م٣ئاڤێ هەبوون، نوکە ٤،٥-م٥ ملیار م٣ ئاڤێ د سکرێ میسل دا ماینە، ژبلی بەرزبونا رێژەیا (لەوتینا ئاڤێ)، کو ئاڤا سکرێ ژێدەرێ سەرەکی بو دابینکرنا ئاڤێ بو پتر ژ (٥) پاریزگەها و (١٣) قەزا و (٢١) ناحیێن دکەڤنە سەر رویبارێ دجلە، ژبلی تێك دانا پتر ژ (٣٣٪) ل چاندێ، وکێمبونا قەبارا بەرهەمێ گیانەوەران وسامانێ ماسیا. وکێمبونا بەرهەمێ چاندێ، ودژواربونا شویا هشکاتیێ و بەروبستانێ.

٢- دابەزینا ئاستێ ئاڤا (عەمبارێن ئاڤێن ژێر ئەرد) ل روخ رویێن سمتا رویبارێ دجلە، کو ب دژواری دێ شویا خوو کەتە سەر بیرێن ئاڤێ. بەرزبونا رێژەیا (خووێ) دناف ئاڤا رویبارێ دجلە، وتایبەت لباشورێ ئێراقێ (گومیێن ئەهوارێن باشورا ئێراقێ).

٣- قەبارا ئاڤا روژانە تێتە دناف سکرێ میسل ب رێژا (٥٠٪) کێمبویەپشتی پەنگاندنا سکرێ ئەلیسو، ئەو (قەبارا ئاڤێ کێمترە) ژپێویستا باژێرێن دکەڤنە باشورێ بەنداڤا میسل ب قەبارا ( ٢٠٠-٣٠٠ م٣) ئاڤێ هەیە،کو دڤێت روژانە بێتە بەردان ل سکرێ میسل. ئەڤە دێ بێتە هویا بەرف هشك بونا بەنداڤا میسل.

٤- ئەگەر پروژێ (سکرێ الجزیرە) بێتە ئاڤاکرن کو دکەڤتە نێزیکی توخیبێ ئێراقێ و سوریا وتورکیا،(چوو ئاڤ نامینیت لناڤ تورکیا بو رویبارێ دجلە و دێ بێتە هوویا دستپێکا هشك بوونا ژێدەرێ ئاڤا سکرێ میسل). ئەڤە (زەنگەکا زورا تیرسیناکە لسەر پاشەروژا ئێراقێ). لەوا دڤێت کار بێتە کرن دا کو ئەو رویدان روینەدەن.

٥- ل پاشەروژێدا، زورترین ترس دکەڤتە سەر (ئەهوارێن باشورا ئێراقی) کو بەرف هشکاتێێ ڤە بچن. بەرێ (مساحە الاهوار) نێزیکی ٢٠٠٠کم٢، وپێك هاتینە ژ ٣٠ هوران و هەمی ژی دکەڤنەپاێزگەهێن (بەسرا، میسان وناسریە). ئەهوارێن باشورا ئێراقی تێنە نیاسین وەکو (شارستانیەکا سروشتی وبەشەری یا کەڤن) وبنگەهێ ئیمبراتوریا سومریا لێ هاتبو دانان بەری نێزیکی ٥٠٠٠ سالا، وتا نوکە شوین وارین وان لێ ماینە.

**● تایبەتمەندیێت حەوزا رویبارێن دجلە وفورات:**

ڤەرێژا حەوزا دجلە وفورات خاکی چوار وەلاتا دکریت (تورکیا، ئێراق، سوریا وئیرانێ). قەبارا حەوزێ دگەهتە ( ٧٥٣ هزار کم٢)، قەبرا ئاڤا هەردوو رویبارا سالانە نێزیکی ٧٨ ملیارم٣ ئاڤێ نە.

بەرێ حەوزا رویبارێ فوراتێ دگەهتە(٤٤٤ هزار کم،٢٨.٪) ل خاکی تورکیا، ٥٥٪ ل خاکێ ئێراقی

**ئاڤاکرنا بەنداڤا ئەلیسو لسەر شێوازێ نوکە هاتیەدانان، دێ بیتە هویا (خورتبونا ئاستێ لەرزین- هژاندنا ئەردی ل روخ رویێن حەوزا سکرێ ئەلیسوی .ئەڤ ترسە زورا ترسناکە لسەر ئاکنجیێن دکەڤنە باشورێ بەنداڤێ، نەخاسمە ل دەمێن ئاڤ رابونا(زڤستان و بهارا)**

**ئەگەر پروژێ (سکرێ الجزیرە) بێتە ئاڤاکرن کو دکەڤتە نێزیکی توخیبێ ئێراقێ و سوریا وتورکیا،(چوو ئاڤ نامینیت لناڤ تورکیا بو رویبارێ دجلە و دێ بێتە هوویا دستپێکا هشك بوونا ژێدەرێ ئاڤا سکرێ میسل)**

ل پاشەرۆژێدا، زورترین ترس دکەفتە سەر (ئەهوارێن باشورا ئێراقی) کو بەرف هشکاتێی ڤە بچن. بەرێ (مساحه الاهوار) نێزیکی ٢٠٠٠کم٢، وپێک هاتینە ژ ٣٠ هوران و هەمی ژێ دکەڤنە پارێزگەهێن (بەسرا، میسان وناسریه)

و ١٧٪ ل خاکی سوریا. درێژاهیا روبیبارێ فوراتێ (٢٣٣٠ کم، ٤٥٥ کم دناڤ تورکیا و٦٧٥ کم دناڤ خاکا سوریا و١٢٠٠ کم دناڤ خاکێ ئێراقێدایە. هێزا روبیبارێ دجلە (٦٨١ م٣ ئاڤێ/ چرکێ دایە . قەبارا گشتیا سالآنە یا ئاڤا روبیای نێزیکی (٣٢ ملیام م٣) ئاڤێنە، نووکە (٩٤ ٪) ژ وێ قەبارا ئاڤێ تورکیا بکاردینن و (٦٪) بو سوریا و ئێراقێیە.

بەرێ روبیبارێ دجلە (٢٨٩هزار کم٢) درێژاهیا روبیاری (١٧١٨ کم)،ل وان (٣٠٠) کم دکەڤنە دناڤ تورکیا و (٤٤ کم) دناڤ سوریا و (١٣٧٤ کم) دناڤ ئێراقێ دا،رێژەکا زور کێم ژێ دکەفتە دناڤ ئیرانێ دا. قەبارا ئاڤێ سالآنە یا روبیاری نێزیکی (٤٦ ملیارم٣)ئاڤێنە نێزیکی (٥١٪) ژ قەبارا ئاڤێ ل تورکیا یە و (٤٩٪)ل ئێراقێیە .

لدویف راپورتێن کارینانا ئاڤێ، ل ئێراقێ سالآنە نێزیکی (٤٢ ملیار م٣) ئاڤێ تێنە بکارئینان، نێزیکی (٣٩ ملیارم٣) بو چاندنێ و (٢،١٤ ملیارم٣)بۆپیشەسازی و(١،٢٨ ملیارم٣) ب کارێ مالێ – منزلی. لێ نێزیکی (٦٠٪) ژ ئاڤا بو چاندنێ زاعێر دبیت.

بەرامبەری کارینانا ئاڤێ، قەبارا ئاڤا نو- المتجدد سالآنە نێزیکی (٩٤،٦٨ ملیار م٣) ئاڤێ وەکو باران وبەفرێ تێتە لسەر خاکا ئێراقێ، نێزیکی ( ٤٩،٤٩ ملیارم٣ ) ئاڤێ ژێدەرێ دەرڤەی توخیبی ئێراقێیە (خارجی) و( ٤٥،٢ ملیارم٣) ئاڤێ ژێدەرێ نافخوییە (داخلی).دڤێت حکومەتا ئێراقێ و یا هەرێما کوردستانێ قازانجی ل(ژێدەرێ نافخوی بکەن)، داکو ڤالاهی- عجزیەید ادبیت بووی پر بکەن ل هوییێن سیاسەتا حکوماتێن ولاتێن توخیب لگەل ئێراقی هەی (تورکیا وسوریا).

پرۆژێ گاپ و دانانا بەنداڤ ل تورکیا لسەر روبیارێن دجلە وفورات بو هویا کێمبونا ئاڤا دگەهتە سوریا ب رێژەیا (٤٠٪) و کێمبونا ئاڤا دگەهتە ئێراقێ ب رێژەیا (٧٥٪) وپێشنیار تێت کرن کو قەبارا ئاڤێ کێمتر لێ بیت بو سوریا وئێراقێ پشتی ئاڤاکرنا وان ٢٢ بەنداڤا لسەر هەردوو روبیارێن دجلە وفورات.

**● کورتیەک لسەر دیروکا رێکەفتنا د ناڤبەرا تورکیا وئێراقی وسوریا لسەر روبیارێن دجلە وفوراتێ:**

وەزیرێ ئاڤ وبەنداڤێت ئێراقا فیدرال راگەهاند دناڤ کومبونا پەرلەمانی ئێراقێ لسەر کێشا ئاڤێ وشویا نەرێنیا بەندا ئالیسو لسەر روبیارێ دجلە،کو (پتری ٤٠) رێکەفتن ورێنما و کارێن هەڤپشک هاتینە کرن لگەل حکومەتێن تورکیا لسەر دابەشکرن وپاراستن و کارئینانا ئاڤا روبیارێن دجلە وفورات. ئەو رێکەفتن دزڤرنە ١٩٢٠/١٢/٢٢ بەری دانانا دەولەتا ئێراقێ و رێکەفتنێن سالێن (١٩٢٣،١٩٤٧،١٩٧٨،١٩٨٠).

**● پەیمان و رێکەفتنێن نێڤدەولەتی لسەر روبیارێن نێڤدەولەتی**

پەیمان ورێکەفتنێن نێڤدەولەتی لسەر چارەسەرکرنا کێشێت ئاڤا روبیارێن نێڤدەولەتی ل جیهانی هاتینە دیار کردن، وەکو رێکەفتنا جنێف لسالآ ١٩٣٢،کومەلا یاسایێن نێڤدەولەتی لسالآ ١٩٥٨،و رێکەفتنا (هلسنکی) لسالآ ١٩٧٦.رێکەفتنا هلسنکی (٩) پیڤەرێن سەرەکی داناینە وکرینە بنەما بو چارەسەرکرن ودابەشکرن و پاراستن وکارهینانا ئاڤا روبیارێن نێڤدەولەتی.

ژ وان (٩)پیڤەرا (جوغرافیا حەوزا روبیارا، دیروکا کارئینانا بەرێ یا ئاڤێ،پێویستیا ئابوریا ولآتێن پشکدار،ژمارا مروڤێن ئاڤا روبیاری بکاردئینێن، هەبونا ژێدەرێێن بەدیل- وەکو دەیار وگولا وریبارێن نافخوی، زاعێرکرنا ئاڤێ، پاراستنا پێویستێن ولآتێن هەڤپشک لسەر ئاڤا روبیارێن نێڤدەولەتی، قەرەبوکرن)

هەروەسا رێکخراوا (الامم المتحده) لسالآ ١٩٧٧ بۆ دابەشکرنا ئاڤا روبیارێن نێڤدەولەتی (٥)پیڤەر دەستنیشان کرن) بو مەبەستاپاراستنا هێمنی وهاریکارییێ دناڤبەرا واندا، داکو کێشا ئاڤێ نەبیتە هویا (ئالوزیا، وگەڤا و شەرا) دناڤبەرا ولآتێن هەڤپشک لسەر روبیارا .

ژ وان پیڤەرا وەکو(بەرێ- مساحه حەوزا روبیارا و درێژاهیا روبیارا دناڤ ولآتێن پشکدار دا، جور وشێوازێ کارئینانا ئاڤێ، ژمارا مروڤێن ئاکنجی لسەر حەوزا روبیارا، قەرەبوکرنا مادی).

زوربەیا پیڤەرێن هاتینە دەستنیشان کرن د رێکەفتنێن نێڤدەولەتی بێن سالآ ١٩٧٦ و١٩٧٧، پیڤەرێن باشن بو دابەشکرن وکارئینان وپاراستنا ئاڤا روبیارێن نێڤدەولەتی، وەکو روباریێن ( نیل،راییین، دجلە، فورات).

**● پرتوکول ورێکەفتنێن ئاڤێ بێن تورکیا لگەل ولآتێن جیراندا:**

یا هەری بالکێش لسەر بابەتێ ئاڤێ، ئەوە کو تورکیا (٣) رێکەفتن دگەل روسیا ویونان و بولغاریا مور کرینە بو مەبەستنا دابەشکردن وکارهینان وپاراستنا روبیارییێن هەڤپشک دگەل وان هەر (٣) ولآتان دا .

رێکەفتنا ١٩٢٨/٨/٧ دگەل روسیا لسەر روبیارێ (ئاراکس). رێکەفتنا دگەل یونان ل ١٩٣٢/٦/٢

لسەر ریباریٚ (ماریزا)، و ریٚکەفتنا دگەل بولغاریا ل ١٩١٧/١٠/٢٦ لسەر رویباریٚن دناڤبەرا تورکیا وبولغاریا.

لیٚ وەکو دیار حکوماتیٚن تورکیا، چو ریٚکەفتنا دگەل ئیٚراق وسوریا ناکەت وەك ( کاریٚ عملی ) لسەر رویباریٚن دجلە وفورات. هەروەسا حکوماتیٚن ئیٚراقیٚ تا نووکە چوو پیتە ب سیاسەتا ئاڤیٚ وبەرەڤانیکرن ژ مافیٚن دیروکی وسروشتی ونیٚڤدەولەتی لسەر پارا خەلکیٚ ئیٚراقیٚ لسەر (رویباریٚن هەڤپشك وئاڤا عەمباریٚن ژیٚرئەرد) دگەل وەلاتیٚن جیران نەکرینە.

گرتنا رویباریٚن هەڤپشك دگەل ئیرانیٚ، وەکو (دانانا بەنداڤا داریان لسەر رویباریٚ سیروان، گرتنا ئاڤا رویباریٚ (الوند) ل خانەقین، گرتنا رویبارییٚن(کارون، کرخە، الترویج) لسەر (شەتولعەرەب) لباشورا ئیٚراقی، کو بوینە هویٚن پەیدابوونا کیٚشیٚن ئاڤیٚ لسەر وان دەڤەریٚن ئاڤا وان رویبارا هاتیە گرتن.

یا سەیرتر ئەوە، کوحکوماتیٚن ئیٚراقا فیدرال زوربە دژی،و یان نەرازیبونا خو دیار کریە بەرامبەری زور بەیا پروژیٚن ئاڤیٚ د پلان ونەخشیٚن حکومەتا هەریٚما کورستانیٚ دا. (وەکو پروژییٚن دانانا بەنداڤا لسەر رویباریٚن هەریٚما کوردستانیٚ).

## ● نەفت وئاڤ:

سیستما جیهانگیری شیٚوازیٚن نوییٚن هەڤرکیا دناڤبەراتحالفا و وەلاتان دا پەیدا وخورت کرینە بو (مەبەستا پاراستن وبەرفرەهکرنا بەرژەوەندییٚن خوییٚن ئابوری ورامیاری و بازرگانی و لەشکەری وئاسایشیٚ). شیٚوازیٚت هەڤرکیا سیماییٚن جەنگیٚ (سپی) بخوڤە دیار دکەن، وەکو (شەریٚ بەهاییٚ نەفتیٚ، شەریٚ بازرگانی، شەریٚ تیروریٚ، شەریٚ ئەلکترونی، شەریٚ ئاڤیٚ) .

ئیٚك ژ ئارمانجیٚن سەرەکیٚین حکومەتا تورکیا ئەوە کو (ئاڤیٚ بکاربینیت وەکو ژیٚدەر بو دابینکرنا نەفت و گازیٚ ل ئیٚراقیٚ و وەلاتیٚن دیتر. ئەڤ تشتەب ئاشکرایی هاتیە گوتن لسەر زاریٚ سەروکیٚن حکومەتا تورکیا وبەرپرسیاریٚن بلند (ئاڤ بەرامبەری نەفتیٚ) .

سلیٚمان دیمریل و تورکوت ئوزال هەردوو ئەندایاریٚن بەنداڤا بوون. سلیٚمان دیمیرل گوتبو ل دەمی ڤەکرنا بەنداڤا (ئەتاتورك) کو (خودیٚ ئاڤا دایە مە ونەفتا دایە ئیٚراقیٚ، بلا ئەو نەفتیٚ بدنە مە، ئەم ژی دیٚ ئاڤیٚ دەینە ئیٚراقی .تورکوت ئوزال کوتبو (کاریٚ ئاڤیٚ چیٚترە ژ کاریٚ نەفتیٚ، چونکە نەفت مروڤی فیٚری تەمبەلیٚی دکەت، و ئاڤ ژیٚدەریٚ پاقژی وساخلەمییٚ و کارییە).

راستە تورکیا وەلاتەکیٚ زەنگینە ب ئاڤیٚ،لیٚ زور پیٚویستی ب نەفت وگازیٚ هەیە، ژبیر نەکەین کو ئیٚراقیٚ نیٚزیکی (٣٥٠کم) توخیب دگەل تورکیا هەیە، بوریا نەفتا کرکوك – جیهان دناڤ خاکی تورکیا دگەهتە دەریا سپیا ناڤەراستیٚ، ئیٚراق ژیٚدەرەکیٚ سەرەکی بویە بو دابینکرنا نەفتیٚ ول پاشەروژیٚ ژی بو دابینکرنا غازا سروشتی بو تورکیا، نەخاسمە چەند (کیٚلگەهیٚن نەفت وگازیٚ) زور نیٚزیکی توخیبیٚ تورکیا نە.

تورکیا روژانە پیٚویستی ب پتر ژ (٧٠٠) هزار بەرمیلیٚت نەفتیٚ هەیە و بەرهەمیٚ ناڤخویا تورکیا ناگەهتە (١٢٠) هزار بەرمیلیٚت نەفتا خام، هەریٚما کوردستانیٚ و ئیٚراقا فیدرال باشترین ونیٚزیکترین جهـن بو دابینکرنا ژیٚدەریٚن زاخی (نەفت و گازا سروشتی) بو وەلاتیٚ تورکیا. پەیوندییٚن ئابوری وبازرگانی ل ئاستەکیٚ زوربلند دناڤبەرا تورکیا و هەریٚما کوردستانیٚ وئیٚراقا فیدرالدا هەنە. دیروکەکا هەڤپشکا شارستانی و ئولی و عیٚلی و کولتوری دگەل خەلك و وەلاتی تورکیا هەیە، دوو وەلاتن زوربەیا ئاکنجیٚن وان ژ موسلمانانن، و دناڤ (قورئانا پیروزدا) نیٚزیکی (٣٢ جارا) پەیڤا (ئاڤیٚ) هاتیە دکراندن.

هیڤیدارین ئەڤ رەوشا هەڤپشك ریٚکیٚ نەدەن لسەر ئاستیٚ تورکیا وئیٚراقی کو ئاڤ ببیتە (چەکەك) بو کیٚمکردنا بەرهەمیٚ خواردنیٚ ولەوتینا ئاڤیٚ وهشك بووناچەما و چاندنیٚ و تیکدانا ژین وژیانا خەلکیٚ ئیٚراقیٚ .

## ● پیٚشنیار وچارەسەر:

١-دانوستاندنا بەردوام دناڤ تورکیا وئیٚراقیٚ بو چارەسەرکردنا کیٚشا ئاڤا رویبارییٚن هەڤپشك .

٢-پیتە کردن ب زانست وتەکنولوجیا ئاڤیٚ و ئاڤاکرنا بسپوریٚن ئاڤیٚ بو مەبەستا خورتکرنا ریٚڤەبەریا کەرتیٚ ئاڤیٚ.

٣-کارهینانا ئاڤیٚ لسەر سیستەم وشیٚوازیٚن هەڤچەرخ.

٤-دانانا بەنداڤا لسەر هەمی رویبارییٚن ناڤخو.ب ریٚکا دابینکرنا بوچەکا باش، لسەر ئاستیٚ هەریٚما کوردستانیٚ وئیٚراقا فیدرال (ریٚژەکا تایبەتا داهاتی) بیٚتە دابینکرن بو پروژیٚن ئاڤیٚ .

٥-کارهینانا (کارتیٚن) ب هیٚز بو مسوگەرکرن و دابینکرنا پارا ئاڤا خەلکیٚ ئیٚراقا فیدرال لسەر (رویبار وعەمباریٚن ئاڤا ژیٚر ئەرد) ئەویٚت هەڤپشك دگەل هەر (٦) وەلاتیٚن توخیب دگەل ئیٚراقیٚدا هەین.

**ئیٚك ژ ئارمانجیٚن سەرەکیٚین حکومەتا تورکیا ئەوە کو (ئاڤیٚ بکاربینیت وەکو ژیٚدەر بو دابینکرنا نەفت و گازیٚ ل ئیٚراقیٚ و وەلاتیٚن دیتر. ئەڤ تشتەب ئاشکرایی هاتیە گوتن لسەر زاریٚ سەروکیٚن حکومەتا تورکیا وبەرپرسیاریٚن بلند (ئاڤ بەرامبەری نەفتیٚ)**

**سلیٚمان دیمیرل گوتبو ل دەمی ڤەکرنا بەنداڤا (ئەتاتورك) کو (خودیٚ ئاڤا دایە مە ونەفتا دایە ئیٚراقیٚ، بلا ئەو نەفتیٚ بدنە مە، ئەم ژی دیٚ ئاڤیٚ دەینە ئیٚراقی .تورکوت ئوزال کوتبو (کاریٚ ئاڤیٚ چیٚترە ژ کاریٚ نەفتیٚ، چونکە نەفت مروڤی فیٚری تەمبەلیٚی دکەت، و ئاڤ ژیٚدەریٚ پاقژی وساخلەمییٚ و کارییە**



**موسا ئەحمەد** سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا لە سەر ١٠ سێکتەر کاروچالاکیمان هەبووە کە تێیدا ٧٥٩٢٤ خێزان و ٤١٣٦٨٤ کەس سوودمەند بوون

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ماوەی ١٢ساڵی تەمەنیدا توانیویەتی هاوکاریی هەزاران خێزانی هەژارو کەمدەرامەت و لێقەوماو بکات، تەنیا لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا لە زیاتر لە ١٠ سێکتەری خۆراك و پڕۆژەی تایبەت و پەروەردەو پاك و خاوێنی و هەلی کار و تەندروستی و پڕۆژەی چاودێریی کەمئەندامان و پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان کاری کردووە، ژمارەی سوودمەندبووان لە کۆی ئەم سێکتەرانە ٧٥٩٢٤ خێزان و ٤١٣٦٨٤ کەس بووە، ئەمە جگە لەوەی لەم مانگە پیرۆزەدا دەزگاکە هەڵساوە بە ڕێکخستنی ئێوارەخوانی بەربانگ بۆ قوتابیانی هەردوو بەشە ناوخۆییەکانی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و ١٨ی شوبات، هاوکات بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان، شیرو جلوبەرگی بەسەر منداڵاندا دابەش کردووە. فراوانبوونی کاروچالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە مرۆڤدۆستیی بارزانیی نەمر و ئەو وتەیەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت.» بۆ قسەکردن لەسەر کاروچالاکییەکانی ئەم دەزگایە بەتایبەتی لەمانگی پیرۆزی رەمەزان و پڕۆژەکانی داهاتوویان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد وبەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخافتن.**

## دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ڕێکخستنەوەی کولتووری مرۆڤدۆستی

موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی سەرەکیی دەزگای خێرخوازیی بارزانی هێما بۆ ئەوە دەکات: «هۆکاری فراوانبوون و ناوبانگی دەزگاکە و بەدەستهێنانی متمانەی خێرخوازان و خەڵکی، تەنیا بۆ زۆریی کاروچالاکییەکان و شەفافییەت و راستگۆیی دەزگاکە ناگەڕێتەوە، کە لەماوەی ١٢ ساڵی تەمەنیدا توانیوێتی خزمەتێکی گەورەی هەژار و لێقەوماوان و ئاوارە و پەناهەندە و کەمدەرامەت و منداڵانی ئازیزان و چەندین چین و توێژی دیکە بکات، بەڵکو بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کولتوورە دەگەڕێتەوە کە میللەتی کورد پێی ناسراوە، ئەویش کولتووری مرۆڤدۆستی و خێرخوازییە، ئەم کولتوورەش لێرە هێندە دەوڵەمەندە کە بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان، چونکە زۆربەی کات لە دنیادا کاری خێرخوازی لەپێناو لێخۆشبوونە لە باج، یاخود بەدەستهێنانی ناوبانگە، بەڵام لای ئێمە کاری خێرخوازیی خۆبەخشییەو لەناخی تاکەکاندا بوونی هەیە، تەنانەت زۆربەی جار ئەو کەسانەی هاوکارییەکانیان لە ڕێگەی دەزگاکەمانەوە پێشکەش بە خەڵکی دەکەن، یەکێك لە داواکارییەکانیان ئەوەیە ناویان نەهێندرێت، هەر بۆیە گرنگ بوو ئەم پەیامە پیرۆزە ڕێکبخرێتەوە و هەموو ئەو کەلێنانەش پڕ بکەینەوە کە لەم بوارەدا بوونیان هەیە، هەر ئەمەش بوو، وایکرد دوای دامەزراندنی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، کۆمەڵێك دەزگای دیکە بکرێنەوەو کاری خێرخوازیی لەکوردستاندا ڕێکبخرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئومێدمان وایە پڕۆژە خێرخوازییەکانمان فراوانتر بکەین و بواری زیاتر ڕێکبخەینەوە و گرنگی زیاتر بە پێگەیاندنی کادیرەکانمان بدەین.»

## مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و پڕۆژە خێرخوازییەکانی دەزگای بارزانی

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، سەبارەت بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و کار و چالاکی و پڕۆژە خێرخوازییەکانیان لەو مانگەدا دەڵێت: «جەنابی سەرۆك بارزانی بەردەوام پەیامی ئەوەیە کوردستان دەرگاکانی کراوە بێت بە رووی هەموو ئەو خەڵکانەی تووشی کارەسات و لێقەومان دەبن، ئەم نموونە بەرزەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوەی پیشان داوە کە گەلی کورد چ گەلێکی خێرخوازو مرۆڤدۆستە، هەر ئەمەش بوو وایکرد، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئاوارە و پەناهەندە روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئێمەش کە بەردەوام لەسەر ئەو پەیامەی جەنابی سەرۆك بارزانی کار دەکەین، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا چالاکییەکانمان فراوانتر کردووە، تەنیا لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانیوێتی لە زیاتر لە ١٠ سێکتەری خۆراك و پڕۆژەی تایبەت و پەروەردەو پاك و خاوێنی و هەلی کار و تەندروستی و پڕۆژەی چاودێریی کەمئەندامان و پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان کار بکات، ژمارەی سوودمەندبوو لە کۆی ئەم سێکتەرانە ٧٥٩٢٤ خێزان و ٤١٣٦٨٤ کەسن، ئەمە جگە لەوەی لەم مانگە پیرۆزەدا دەزگاکە هەڵساوە بە ڕێکخستنی ئێوارەخوانی بەربانگ بۆ قوتابیانی هەردوو بەشە ناوخۆییەکانی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و ١٨ی شوبات، هاوکات بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە خۆراك و جلوبەرگ بەسەر ١٢٩٢ منداڵدا دابەش کراوە.»

سەبارەت بە هەماهەنگییان لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەش گوتی: «ئێمە هەوڵمانداوە لەم مانگە پیرۆزەدا چالاکیی زۆر ئەنجام بدەین و هانی ڕێکخراوە بیانییەکانیش بدەین، کاروچالاکییەکانیان لەم مانگەدا زیاتر بکەن، بەو ئومێدەی بە هەموان بتوانین ئەرکی سەرشانی هەژارو کەمدەرامەت سووکتر بکەین، لەم رووەوە توانیمان لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی و کوێتی و کۆمەڵێك ڕێکخراوی دیکە کۆنتاکتیان لەگەڵدا بکەین، هەرچەندە توانای دارایی دەزگاکەمان دیاریکراوە، چونکە ئێمە بە هیچ شێوەیەك هاوکاری و یارمەتی لە حکومەت و هیچ لایەنێکی سیاسی وەرناگرین، لەگەڵ ئەمەشدا توانیومانە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی بارودۆخی خەڵکی تێیدا خراپە، وەکو شاری شنگال و گەرمیان ئۆفیسمان هەبێت، لەبەرنامەشدایە وەکو چۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئۆفیسمان هەیە، لە چەندین پایتەختی وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش ئۆفیس بکەینەوە.

## بەرنامە و پڕۆژەکانی داهاتووی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

لە ١٢ ساڵی تەمەنی دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانراوە خزمەت و هاوکارییەکی زۆری ئاوارەو پەناهەندەو لێقەوماوان و نەخۆش و منداڵانی ئازیز و فریاکەوتنی لێقەوماوانی کارەساتە سرووشتییەکانی لافاو و بومەلەرزە بکەن، بۆ داهاتووش ئەم دەزگایە بەرنامەو پلانی نوێی لەبەردەستدایە، لەم رووەوە سەرۆکی دەزگاکە وتی: «لەماوەی تەمەنی

**دەزگاکەمان پێویستە لەئاست ئەو ناوە گەورەیەی مستەفا بارزانی بێت و پەیامە پیرۆزەکەی کە پەیامی مرۆڤایەتییە بپارێزین**

**لەچوارچێوەی پڕۆژەی خێرخوازیی ئازیزاندا توانیمان (یەک ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دۆلار) بەسەر ئازیزاندا دابەش بکەین و لەهاوکاریکردنیشیان بەردەوام دەبین**

**لەئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانیشدا سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانمان زۆر فراوان و بەهێزتر بووە، توانیویشمانە ببینە ئەندام لەئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**گرنگترین کاری داهاتوومان کارکردنە لەسەر پێگەیاندنی کادیری بەتوانا لە بواری خێرخوازیدا، چونکە ئەمجۆرە کادیرانە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و دەبێت لە رووی جۆر و چۆنایەتییەوە بەهرەمەند بن و زیاتر گوزارشت لە پەیامی پیرۆزی مرۆڤایەتی بکەن، بە دروستکردنی ئەمجۆرە کادیرانە کاری مرۆڤایەتی لە کوردستان زۆر گەشە دەکات**





**بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەوە، ژمارەی ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکان کە ڕوویان لە کوردستان دەکرد، کەمبوونەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ کرانەوەی کوردستان و هێوربوونەوەی دۆخەکە دووبارە پەیوەندییەکان گەرموگوڕییەکی باشیان پێوە دیارە**

**ئێمە بە هیچ شێوەیەک هاوکاری و یارمەتی لە حکومەت و هیچ لایەنێکی سیاسی وەرناگرین، لەگەڵ ئەمەشدا توانیومانە لەهەموو پارێزگاکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی بارودۆخی خەڵکی تێیدا خراپە، وەکو شاری شنگال و گەرمیان ئۆفیسمان هەبێت**


دەزگاکەدا ئەزموونی زۆرمان تاقیکردۆتەوە و ڕێگای زۆرمان بڕیوە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێك ئامانج و ڕێگای دیکە ماوە تاقی بکەینەوە، هەم لەلایەنی ناوخۆ و هەم لەلایەنی پارچەکانی تری کوردستان و دەرەکی، دەزگای خێرخوازیی بارزانی کاتێك دروست بوو بۆ ئەوەی پەرە بسێنێت، بۆ ئەمەش دەزگاکە هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ دروستکردنی پردێك لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ڕێکخراو و ئاژانسی یوئێن (UN)ن، ئەگەرچی بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەوە، ژمارەی ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکان کە ڕوویان لە کوردستان دەکرد، کەمبوونەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ کرانەوەی کوردستان و هێوربوونەوەی دۆخەکە دووبارە پەیوەندییەکان گەرموگوڕییەکی باشیان پێوە دیارە و لەبەرنامەماندایە پەیوەندی باشتریش دروست بکەین لە نێوان خەڵکی ئێمە و خەڵکی ئەوان، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ شکاندنی ئەو گرژی و بارودۆخە ناهەموارە کە بە هۆی ململانێ سیاسییەکانەوە دروست دەبێت و کاریگەری خراپی لەسەر کارو چالاکیی حکومەت و هاوکارییەکان دەبێت، بەڵام کارو چالاکی و پرۆژە خێرخوازییەکانی ئێمە دوور لە سیاسەت و نزیك لەلایەنی مرۆییەو وادەکات ئەم بارگرژییانە ئەوەندە کاریگەری لەسەر خێرخوازی و پرۆژە مرۆییەکان نەبێت، وەکو ئەوەی ئێمە توانیمان لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان کۆمەڵێك کاروچالاکی ئەنجام بدەین، ئێمە ئێستا لەبەرنامەماندایە هەموو ئەو ڕۆژانەی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری دەکرێت، لەو ڕۆژانەدا کارو چالاکیمان هەبێت. ئەمرۆ لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا کۆمەڵێك بابەتی زۆر گرنگ و کۆمەڵایەتی و زانستی لەلایەن شارەزایان و خەڵکی پەیوەندارەوە دیراسە دەکرێت و دەخرێتەڕوو، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئەوەین چۆن ئەم تیۆرییانە بکەینە کردار. هەر بۆیە لە داهاتوودا پرۆژەو کاری زیاترمان لەبەردەستدایە، وەکو کارکردن لە بواری دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ هەژاران و لێقەوماوان، دەزگاکەمان پێویستە لەئاست ئەو ناوە گەورەیەی مستەفا بارزانی بێت و پەیامە پیرۆزەکەی کە پەیامی مرۆڤایەتییە بپارێزین، بەتایبەتی کە جەنابی کاك مسرور بارزانی خۆی سەرپەرشتی ئەم دەزگایە دەکات، هەر بۆیە هەموو هیوای ئێمە ئەوەیە ساڵ لەدوای ساڵ دەستکەوتی باشتر و کاروچالاکیی زیاتر و چۆنایەتی بەرزتر تۆمار بکەین. دەزگاکەشمان ڕۆژانە لەلایەن خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت، ئێمەش هەوڵ دەدەین بەرنامە ڕێکبخەین و بە هاوکاری ڕێکخراوەکان هاوکاریان بکەین. گرنگترین کاری داهاتووشمان کارکردنە لەسەر پێگەیاندنی کادیری بەتوانا لە بواری خێرخوازیدا، چونکە ئەمجۆرە کادیرانە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و دەبێت لە ڕووی جۆر و چۆنایەتییەوە بەهرەمەند بن و زیاتر گوزارشت لە پەیامی پیرۆزی مرۆڤایەتی بکەن، بە دروستکردنی ئەمجۆرە کادیرانە کاری مرۆڤایەتی لە کوردستان زۆر گەشە دەکات.

**● ئەندامبوونی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی UN**

بەدەستهێنانی متمانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەناو خەڵکیدا وایکردووە ئەم دەزگایە متمانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و زۆربەی ئاژانسە مرۆیی و جیهانییەکان بەدەست بهێنێت ؛ موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگاکە لەمبارەیەوە وتی: «بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەك و هاوکارییەکان و ئەنجامدانی پرۆژە خێرخوازییەکان تەنیا پشتمان بە خێرخوازانی ناوخۆی کوردستان نەبەستووە، بەڵکو هەنگاومان بەرەو وڵاتانی بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ناوە، ئەوەتا توانیمان متمانەی ئەوە بەدەستبهێنین کە پەرتووکی (سفیر) وەربگێڕینە سەر







زمانی کوردی کە بە دەستووری کاری مرۆڤایەتی لەجیهاندا دادەنرێت، بەمەش ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی نوێنەری (سفیر)ین لەکوردستان، لەئاستی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانیشدا سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانمان زۆر فراوان و بەهێزتر بووە، توانیویشمانە ببینە ئەندام لەئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئومێدمان هەیە رۆژێك بێت، خەڵکی ئێمە پێویستی بەهیچ هاوکارییەك نەمێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئازار و مەینەتی و گرفت و کێشەو کارەساتەکان هەر بوونیان هەیە، بۆیە ئێمەش لە رووی رێکخستن و کارو چالاکییەوە ساڵ لەدوای ساڵ بەئەزموونتر دەبین و باشتر بە دامەزراوەیی کارەکانمان بەڕێوە دەبەین.

## ● دۆخی ئاوارە و پەناهەندەکان لە کوردستاندا

بارودۆخی ئاوارەو پەناهەندەکان وێڕای ئەوەی بارگرانییەکی زۆری لەسەر شانی حکومەت و خەڵکی دروست کردووە، هاوکات لایەنێکی مرۆیی و خێرخوازیی دانیشتووانی کوردستانیش نیشانی دنیای دەرەوە دەدات، ئەوەتا لە هەموو بۆنەیەکدا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکاتەوەو لە سایەی بڕیار و رێنماییەکانی جەنابیان و میواندۆستیی خەڵکی کوردستان، توانرا لەم دۆخە ناهەموارەدا کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خێرخوازی خەڵکی کوردستان بپارێزرێت. لەمبارەیەوە سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی وتی: «بەو پێیەی سەرپەرشتی کەمپەکانی پارێزگای هەولێر دەکەین و رۆژانە کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام دەدەین، بەتایبەتی بۆ منداڵانی بێدایك و باوك و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئازیزان و خێزانە سەربەرزەکانی شەهیدانی کوردستان، کە گەشتێکمان بە هاوبەشی لەگەڵ مەلەوانگەی تارین بۆیان ئەنجامدا، هەروەها لەچوارچێوەی پرۆژەی خێرخوازیی ئازیزاندا توانیمان (یەك ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دۆلار) بەسەر ئازیزاندا دابەش بکەین و لەهاوکاریکردنیشیان بەردەوام دەبین. ئێستاکە لە سنووری پارێزگای هەولێر ١١ کەمپمان هەیەو لەم ژمارەیە ٧ کەمپی تایبەتە بە ئاوارەکان و ٤ کەمپی دیکەش تایبەتە بە پەنابەران، هەروەها لە سنووری پارێزگای دهۆکیش ١٩ کەمپمان هەیە، کە ١٥ی تایبەتە بە ئاوارەو ٤ دیکەشی تایبەتە بە پەنابەران، ئەمە وێڕای ئەو کەمپانەی دیکەی پەنابەران لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە دووانیان تەرخانکراوە بۆ ئاوارەکانی کوردی خورماتوو، ئەوانی تر تایبەتە بەئاوارەکانی عێراق، هەرچەندە رێژەی ئاوارەکان و پەناهەندەکان لە کوردستاندا زۆرە کە لەهەندێك ناوچەدا رێژەی لە ٣١٪ی ژمارەی دانیشتووانی تێپەڕاندووە، تەنانەت ئێستاکە بە هۆی ناسەقامگیریی دۆخەکەو خراپی خزمەتگوزارییەکانە، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کە گەڕابوونەوە بۆ شوێنی خۆیان، دووبارە هاتوونەتەوە بۆ ناو کەمپەکان، بەڵام بە هاوکاریی خێرخوازان توانراوە کۆنترۆڵی ئەم حاڵەتە بکەین.» گوتیشی: «پێشبینییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، وەکو خۆی دەرنەچوو، چونکە ئێستاکە دووبارە خەڵکێکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەمپەکان، هەربۆیە پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە مرۆییەکان دیراسەی زیاتر بۆ بارودۆخی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان بکەن، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی کە حکومەتی عێراق وەکو پێویست بەدەنگ دۆسێی ئاوەدانکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانەوە نەچووە و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کەمتەرخەم بووە و بگرە فشارێکی زۆر لەسەر خەڵکەکەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، ئەمەش لە رووی مرۆڤایەتییەوە تێبینی زۆری لەسەرە.»

**پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە مرۆییەکان دیراسەی زیاتر بۆ بارودۆخی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان بکەن، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی کە حکومەتی عێراق وەکو پێویست بەدەنگ دۆسێی ئاوەدانکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانەوە نەچووە**

**بە هۆی ناسەقامگیریی دۆخەکەو خراپی خزمەتگوزارییەکانە، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کە گەڕابوونەوە بۆ شوێنی خۆیان، دووبارە هاتوونەتەوە بۆ ناو کەمپەکان، بەڵام بە هاوکاریی خێرخوازان توانراوە کۆنترۆڵی ئەم حاڵەتە بکەین**

# ژینگەو هەلی کاری نوێ، پیشە سەوزەکان

پاش بایەخدانی زیاتر بە پاراستن و چاککردنی ژینگە، وا چاوەڕوان دەکرێت، لە داهاتوودا چەند پیشەیەکی ژینگەیی بێتەئاراوە، کە بە پیشە سەوزەکان دەناسرێن.

پێشبینیی دەکرێت کە ئەم (دە) پیشەیەی خوارەوە ببنە باشترین پیشەی ژینگەیی لە ساڵانی داهاتوودا:

● **یەکەم: کشتیاریی نوێ**

کشتوکاڵ و کشتیاری بە شێوازی سەردەمییانەو بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەوز و بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە و بە بوونی رووبەرێکی فراوان و بە ئیدارەیەکی فرە پسپۆڕێتی لە بوارەکانی پەیوەست بە کشتیارییەوە.

● **دووەم: پەرچکردنی درەخت**

لە جیهاندا نزیکەی ١,٦ مليار مرۆڤ پیشەی (دارەوانی)یان هەیە، بۆیە لەم پیشەیەدا شارەزایانی درەخت پەرچکردن، یارمەتی داربڕەکان دەدەن بۆ ئەوەی پیشەی دارەوانی لە بڕین و سووتاندنی درەختەوە بگۆڕن بۆ پەرچکردن و لێکردنەوەی لق و چڵ و پۆپە زیادەکان، هەروەها فێری چاندنی ئەو درەختانەیان دەکەن کە خێرا گەشە دەکەن و، بەریان زۆرە و دەکرێت دەرمانیان لێ بەرهەم بهێنرێت، چونکە رنینەوەی دارستانەکان نزیکەی چوار یەکی هۆکاری گەرمبوونی گۆی زەوییە. بۆیە لەوانەیە خاوەندارێتیکردنی دارستان لە داهاتوودا ملیۆنەها دۆلار قازانج بە خاوەنەکانی بگەیەنێت، چونکە هۆکارێکە بۆ هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

● **سێیەم: تەکنیککاری دەزگاکانی وزەی خۆر**

دانانی سیستمی وزەی خۆر، نزیکەی سەدان هەزار هەلی کار بۆ بێکاران لە جیهاندا دابین دەکات، هەروەها دانانی دەزگای ئاو گەرمکردن بە وزەی خۆر لە سەربانەکان نزیکەی دەیان دۆلار لە سەعاتێکدا بۆ کرێکار دابین دەکات، لەو شوێنانەی کە هەتاویان هەیە.

لە ئەمریکادا نزیکەی (٣٥) هەزار کرێکار لە زیاتر لە (٣٤٠٠) کۆمپانیا لە بواری وزەی خۆردا کاردەکەن، یەکێتی پیشەسازییەکانی وزەی خۆریش پێشبینیی دەکات ئەو ژمارەیە لە ساڵی (٢٠١٦)دا بگاتە نزیکەی (١١٠) هەزار هەلی کار.

● **چوارەم: وەستای خانووە کەم وزەکان**

خانووبەرە رێژەیەکی یەکجار زۆری وزە بەکار دەبات، بۆیە ئێستا ئەو وەستا و کرێکارانە داواکراون کە دەزانن نێوبری دیوارەکان و پەنجەرەکان بە جۆرێك دروست بکەن کە هاوسەنگیی نێوان گەرما و سەرمای ناوەوە و دەرەوەی خانووەکان رابگرن، خانووبەرەی سەوزیش ئەمڕۆ هێمایە بۆ ئەو باڵەخانە و خانووانەی کە مەرجە ژینگەییەکانی تێدا رەچاو بکرێت.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

● **پێنجەم: دروستکارانی تۆربیدی (با)**

(با) سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزە جێگرەوەکانە لە جیهاندا و تا ئێستا نزیکەی (٣٠٠) هەزار هەلی کاری دابین کردووە. بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ وزەی (با)، ئێستا نزیکەی (٦٠) هەزار کەس ئەم پیشەیەیان هەیە.

● **شەشەم: بایۆلۆژیای پاراستن**

خاوەنی ئەم پیشەیە بایەخ دەدات بەو توێژینەوە کارانەی کە دەبنە هۆی پاراستنی سیستمی ئیکۆلۆژی لەسەرتاسەری جیهاندا و زۆرێك لەزانکۆکانی جیهانیش ئێستا بروانامە لەم بوارەدا دەدەن، وەك بەشێکی ژینگەیی لە زانستی بایۆلۆژی.

● **حەوتەم: بەڕێوەبەری کارە سەوزەکان**

مەبەست لەکارە سەوزەکان، لەبەرچاوگرتنی هەر سێ چەمکی (بەرژەوەندیی خەڵك) و (قازانجی خۆت) و (بەرژەوەندیی هەسارەی زەوی)یە لە یەك کاتدا و لە گشت پرۆژەکاندا، واتە شارەزابوون لە بواری گەشەپێدانی بەردەوامدا، گەشەیەکی ئابووریی کە نەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگە، بۆیە ئێستا زۆرێك لە زانکۆکانی جیهانیش بروانامەی ماستەر لە کارگێڕیی سەوزدا بە دەرچووانیان دەدەن.

● **هەشتەم: بەکارهێنەرەوەی خاشاك**

ئەمەش کاری ئەو کەس و خاوەن کارگانەی دووبارە بەکارهێنانەوەی کاغەز و پلاستیك و شووشە و ئاسنی کۆن و ئەلەمنیۆم و ماددە ئۆرگانییەکانە، کە پارەیەکی یەکجار زۆر دەگێڕنەوە بۆ تاك و خەزێنەی دەوڵەت و هەلی کاری نوێش بۆ زۆرێك لە بێکاران دابین دەکەن.

● **نۆیەم: پەرەپێدەری سیستمی بەردەوامی**

ئابووریی سەوز، پێویستیی زۆری بە پسپۆڕ هەیە لە بواری پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و ئەو ئەندازیارانەش کە دیزاینی تۆڕ و ئامێرەکانی هەستپێکردن لە دوورەوە و، پێوەرە زیرەکەکانی کارەبا و ئاو و هەر پێوەرێکی زیرەکی دی دەکەن، کە دەبێتە هۆی زوو ئاگادارکردنەوە لە ڕوودانی کارەساتە ژینگەییەکان و دەبێتە مایەی پاراستنی دەرامەتە سروشتییەکان.

● **دەیەم: پلاندانەری مەدەنی**

پلاندانانی مەدەنی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سیستمی گواستنەوەی گشتیی و ڕێگرتن لە فراوانبوونی هەڕەمەکیی شارەکان و هاندان بۆ بەکارهێنانی پایسکل و هۆکاری گواستنەوەی گشتی و پلاندانانیش بۆ حاڵەتی کتوپڕی وەك لافاو و شەپۆلی گەرما و زۆربوونی خاشاك لە حاڵەتی مانگرتنی کارمەندانی شارەوانی و، پێکداچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە بەهۆی تێکچوونی سیستمی هاتوچۆوە، لەحاڵەتی بچڕانی تەزووی کارەبا، یان هەر تێکچوونێکی تەکنیکی.